# هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان. کە لە عێراقدا بەڕێوەچوو لە ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥

ن: سەربەست مستەفا
و: دڵشاد نامق فەرەج و
بەسام عەلی

## پێشەکی:

گرنگی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلای هیچ مرۆڤێک شاراوە نییە لەهەر دەوڵەت و هەرێمێکی جیهان بێت، هاوکات پەیوەندی دیالیکتیکی پتەوی نێوان پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیش هەر شاراوە نییە، چونکە پێوەری دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەڕای ئێمە بریتییە لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی خولی ڕێکوپێک و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات دوای هەر پرۆژەیەکی هەڵبژاردن. لە عێراقدا بێجگە لە هەرێمی کوردستان هیچ هەڵبژاردنێکی

دیموکـراسی و پاک و بێگەرد بەڕێوە نەچووە هەر لەسـەرەتای پەنجاکـانەوە هەتا ئێسـتـا. هەمـوومان دەزانین لە مـاوەی **٣٥** ساڵی حوکمی تاکە حیزبی بەعـسیدا کە سیسـتەمێکی تۆتالیتاری جێبەجێ دەکردو، دەستی دەخستە ناو وردەکارییەکانی ژیانی گەلانی عێراقەوە، تەنانەت ژیانی تایبەتی مرۆڤی عێراقییەوە، دوای هەمـوو ئەم شەوە دووروودرێژانە پێویست بوو بەرەبەیانی ئازادی و دیموکراسی هەڵبێت کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن هیـوایەکی نوێ بەدەرکەوت بۆ عێراقییـەکان بۆ جێبـەجێکردنی هیواکانیـان لە جێبەجێکردنی دیموکراسی و ژیانی سـەربەرزانە، ئەم هەڵبژاردنە وەک تاقیکردنەوەیەک وابوو بـۆ عێـراقییـەکان بۆ ئەوەی رادەی دەستـڕاگەیشـتنیـان بەژیانی دیموکراسی بسـەلمێنن لە ژیانی سیـاسی و کۆمـەڵگادا، ئەمەش چەسپا.

پێشەکی:

**بەشی یەکەم: ماوەی پێش هەڵبژاردن.**

**باسی یەکـەم:** ئەو فـەرمـانانەی کـە لە دەسـەڵاتی کـاتی هاوپەیمانەوە لە عـێـراقـدا دەرچوون سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان.

یەکەم: فەرمانی ژمارە (٩٢) (پێکهێنانی کۆمیـسیـۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکـان لەعێراق).

دووەم: فەرمانی ژمارە (٩٦) (یاسای هەڵبژاردن).

سێیەم: فەرمانی ژمارە (٩٧) (یاسای پارت و لایەنە سیاسیەکان).

**باسی دووەم:** ئەو نیزامانەی کە کۆمیسیۆن دەری کردوون.

یەکەم: نیزامی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٤).

(بنەمای رێوشوێنەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆن)

دووەم: نیزامی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ (تۆمارکردنی دەنگدەران).

سێیەم: نیزامی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٤) (پەسەندکردنی لایەنە سیاسیەکان).
چوارەم: نیزامی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٤) (پەسەندکردنی پاڵێوراوەکان).
**باسی سێیەم:** ڕێوشوێنەکانی کاری چاودێرەکان و بیرکاری لایەنە سیاسیەکان و ڕاگەیاندن - میدیا.
یەکەم: نیزامی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی چاودێرانی هەڵبژاردن).
دووەم: نیزامی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی بیرکارەکانی لایەنەی سیاسیەکان).
سێیەم: نیزامی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی هۆکارەکانی ڕاگەیاند «میدیا»).
**باسی چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و هەڵبژارنەکانی دەرەوەو هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان.
یەکەم: نیزامی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان).
دووەم: نیزامی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی تۆمارکردن و هەڵبژاردنەکانی دەرەوە).
سێیەم: نیزامی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان).

**بەشی دووەم: ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن**

**باسی یەکەم:** پاشماوەی ئەو نیزامانەی کە کۆمیسیۆن دەریکردوون و پەیوەستە بەماوەی پێش هەڵبژاردنەکان.
یەکەم: نیزامی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٤) (ماوەی دیاریکراو بۆ خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران و پێشکەشکردنی تانەو ڕەخنە).
دووەم: نیزامی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی بانگەشەی هەڵبژاردن).
سێیەم: نیزامی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی سەرپێچی کردنی هەڵبژاردنەکان).

**باسی دووەم:** ڕێوشوێنەکانی دەنگدان و ڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.
یەکەم: کادرەکانی بنکەی دەنگدان.
دووەم: ئەو کەسانەی کە ڕێگەیان پێدراوە بۆ چوونە ناو بنکەکانی دەنگدان.
سێیەم: ڕێوشوێنەکانی پێش ڕۆژی هەڵبژاردن (٢٩/١/٢٠٠٥).
چوارەم: ڕێوشوێنەکانی ڕۆژی هەڵبژاردن.
أ- ڕێوشوێنەکانی پێش کاتژمێر حەوتی بەیانی.
ب- ڕێوشوێنەکانی دوای کاتژمێر حەوتی بەیانی تا پێنجی ئێوارە.
پێنجەم: ڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.
شەشەم: ڕێوشوێنەکانی پێچانەوەو، ڕەوانەکردن.
**باسی سێیەم:** ئەو نیزامانەی کە پەیوەستن بەماوەی دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانەوە.
یەکەم: نیزامی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٥) (بڕیاردان لە سکاڵاو ناکۆکییەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنەکان).
دووەم: نیزامی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) (دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان لە دەرەوەی عێراق).
سێیەم: نیزامی ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٥) (نیزامی دابەشکردنی کورسییەکان).

**بەشی سێیەم**

**هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان**

باسی یەکەم: لایەنە پۆزەتیڤەکانی پرۆسەکە.
باسی دووەم: هەندێ ڕووی لاوازو نێگەتیڤی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.
باسی سێیەم: بەرەو باشتر.
کۆتایی «الخاتمە»

## بەشی یەکەم: ماوەی پێش هەڵبژاردن

**باسی یەکەم:** ئەو فەرمانانەی لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان وە لە عێراق دەرچوون سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان.

لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە لە بەهاری (٢٠٠٣)داو لە پێناو گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکان، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد لە دوای روخانی رژێمەوە لە (٢٠٠٣/٤/٩) هەتا (٢٠٠٤/٦/٢٨) زنجیرەیەک فەرمانی دەرکرد لەوانە بەتایبەتی باسی (٩٢-٩٦-٩٧) یان دەکەین، کە پەیوەندیان هەیە بەهەڵبژاردنەکان لە وڵاتدا:

١- فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە (٩٢) (کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق)، ئەم فەرمانە ژمارە (٩٢) لە ٢٠٠٤/٥/٣١ دەرچوو، کە پێکهاتەی کۆمیسیۆنەکەی دیاری کرد لەگەڵ هەیکەلی دەسەڵاتەکانی و ئامانجی پێکهێنانی، لە بەشی یەکەمی راهاتووە کە (ئەم فەرمانە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێکدەهێنێت کۆمیسیۆنەکە دەسەڵاتی رێکخستنی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ چاودێرکردن و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە دا ئاماژەی پێکراوە) لێرەوە روون دەبێتەوە کە دەسەڵاتی رێکخستنی هەڵبژاردنەکان لە ماوەی گواستنەوەدا کە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دیاری کردووە. لە تایبەتمەندییەکانی کۆمیسیۆنەکەیە و، بۆی هەیە لەم پێناوەدا بڕیارو رێنوێنی پێویست دەربکات لە پێناو جێبەجێکردن و بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و، بۆ رونکردنەوەی ماوەی جێبەجێبوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، پێویستە ئەمانەی خوارەوە رونبکەینەوە:

لە برگەی (٣)ی بەشی دووەم فەرمانی ژمارە (٩٢)دا هاتووە (دەستەواژەی «حکومەتی کاتی عێراق» واتە ئەموحکومەتەی کە دەسەڵات دەگرێتە دەست لە /٢٠٠٤

٦/٣٠وە دەسەڵاتی دەبێت تاوەکو پێکهاتنی حکومەتی عێراقی ئینتقالی) لەمەوە رون و ئاشکرایە کە ئەو حکومەتەی لەمادەی سەرەوە باسکراوە ئەو حکومەتەی ئێستایە کە کارەکانی لەسەرەتای تەمووزی (٢٠٠٤) دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت لە کاری داهە تا پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق.

لە برگەی (٤)ی بەشی دووەمی ئەم بڕیارە داهاتووە کە (دەستەواژەی حکومەتی کاتی ئینتقالی) ئەو حکومەتەیە کە پێکدێت دوای هەڵبژاردنێکی گشتی لە وڵاتدا ئەنجام دەدرێن لە بەرواریک تێپەڕ نەکات لە (٢٠٠٣/١/٣١) وە ئێمە ئێستا چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی ئینتقالی دەکەین دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە ٢٠٠٥/١/٣٠ ، لەبەرئەوە کاری ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی هەر هەڵبژاردنێک کە لەو دوو ماوەیەدا بەڕێوەبچێت تەنها کورتکراوەتەوە بۆ تایبەتمەندێتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڵام چۆنێتی پێکهێنانی کۆمیسیۆنەکە ئەوە لە برگەی (١)ی بەشی سێیەمی فەرمانەکەدا بەم جۆرە هاتووە بەپێی ئەم فەرمانە (کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق) دادەمەزرێت وەک ئامرازێکی حکومی سەربەخۆ کە خۆی حوکمی خۆی دەکات، وەلایەنگری ناکات بێ لایەنە تەکنۆکراتە، دەسەڵاتی راگەیاندن و جێبەجێکردنی حوکمە تەنزیمیەکان (احکام تنظیمیە)و یاساکان و پرۆسێسەکان و سەپاندنیان هەیە بەدەسەڵاتی یاسایی، لەوانە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانەوە هەیە لە میانەی ماوەی گواستنەوەدا، کۆمیسیۆن سەربەخۆیە لەهەر لقێکی حکومی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری و هەر خۆی دەسەڵاتی تەنهای هەڵبژاردنە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا لە ماوەی گواستنەوەدا، کۆمسیۆن پێکدێت لە ئەنجومەنی کۆمیسیۆنەکان و لە (بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکان)، لێرەوە رون دەبێتەوە کە کۆمیسیۆن لە ئەنجومەنی کۆمیسیۆنەکان و بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکان پێکدێت کۆمیسیۆن خۆی تەنها دەسەڵاتە

بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان لە هەموو ناوچەکانی عێراق، خۆی سەربەخۆیەو حیزبی نییەو تەکنۆکراتەو بێ لایەنەو حوکمی خۆی دەکات دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی (احکام تنظیمیة) و پرۆسێسەکانی هەیە لەوانەی پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانەوە هەیە دەیانسەپێنێت بەدەسەڵاتی یاسا لەم ڕێگەیەوە ئەم کارانەی هەیە:

١- دروستکردن و دانپیانان و پەرەپێدانی لیستەکانی هەڵبژاردن (اللوائح انتخابیة) و پەسەندکردنیان و دابەشکردنیان و پاراستنیان.

٢- یارمەتی دان لەسەر کۆمەکی کردن و متمانەبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ناوەندەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ناوچەکانی عێراق.

٣- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تۆمارو پەسەندکردنی حیزبە سیاسییەکان.

٤- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تۆمارو پەسەندکردنی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان.

٥- داننان بەدەسەڵاتی چاودێرانی هەڵبژاردنەکان و ئەو کارمەندانەی تریش کە کاری ڕێکخستن یان چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن لە عێراقدا.

٦- بەڕێوەبردنی کارەکانی خشتەی دەنگدەران و دەنگەدان.

٧- حوکم دان لە سکاڵاو ناکۆکیەکانی هەڵبژاردن.

٨- پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

بەڵام ئەنجومەنی کۆمیسیۆن چییە؟ ئەو پێکدێت لە نۆ ئەندام حەوتیان مافی دەنگدانیان هەیە، و هەموویان عێراقی دەبن، سەرەڕای دوو ئەندامی تر کە مافی دەنگدانیان نییە ئەوانیش پسپۆڕێکی نێودەوڵەتییە لە بواری هەڵبژاردن کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکات بەڕێز (کارلۆس فنزەویلا)یە دووەمیان بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە کە (د. عادل اللامی)یە و ئەنجومەن سەرۆکێکی هەیە کە بەڕێز (حسین الهنداوی)یەو جێگرێکی هەیە، بەڵام ماوەی کاتی کارکردنی کۆمیسیۆن ئەوەتا

کاتی پێکهاتنی کۆمیسیۆنێکی نوێ دەبێت دوای تەواوبوونی ماوەی گواستنەوە، یان دوای تێپەڕینی سێ مانگ بەسەر پەسەندکردنی یەکەم هەڵبژاردن، کە بەپێی دەستوری هەمیشەیی ئەنجام درابێت.

بەڵام بەڕێوەبرایەتییەکانی هەڵبژاردن (الادارة الانتخابية) ئەوە کۆمیسیۆن سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتیەکی هەیە کە بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و پێکدێت لە نووسینگەیەکی نیشتمانی و چەند نووسینگەیەکی تری هەڵبژاردن کە لە پارێزگاکان دادەمەزرێن (وەک دەزانین دوایی دوو نووسینگەی هەرێمی بۆ دامەزرێنرا. کە بریتین لە نووسینگەی هەرێمی بەغدادو نوسینگەی هەرێمی کوردستان). ئیدارەی هەڵبژاردن بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی کۆمیسیۆندا. و ئەرکی بەڕێوەبردنی سیستەمەکانی ئەنجومەن (انظمة المجلس)و ڕێساو پرۆسێس و بڕیارەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، لەسەر هەردوو ئاستی خۆجێتی و هەرێمی لەسەرتاسەری ناوچەکانی عێراقدا، سەبارەت بەچارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئەوا ڕێکخراوە لە میانەی بەشی حەوتەمی (٧) فەرمانی ژمارە (٩٢)دا، دیاری کردووە کە ئەنجومەن تاکە دەسەڵاتە کە دەتوانێت چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکان بکات کە ڕوودەدات لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنە نیشتمانی و هەرێمییەکان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچوونیان لە کاتی ماوەی گواستنەوەدا، دەکرێت ئەنجوومەنی دەسەڵات ببەخشێتە هەریەک لە ئیدارەکانی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەکاتی ڕوودانیاندا. دروست نییە بڕیارەکانی ئەنجوومەن پیاداچوونەوەی پیادا بکرێت تەنها لەلایەن لیژنەی دادوەری کاتی هەڵبژاردنەکانەوە نەبێت دەستە لە سێ قازی (دادوەر) پێکدێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەریەوە دیاری دەکرێن و دادوەرەکانی ئەم دەستەیە کۆمیسیۆن نین.

٢- فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە (٩٦) (یاسای هەڵبژاردن) فەرمانی

(٩٦) بەشێکی گرنگ پێکدەهێنێت لە چوارچێوەی یاسایی بۆ هەڵبژاردنێکی راست و جێمتمانە لە عێراقدا لەماوەی گواستنەوەدا.

لە بەشی سێهەمدا هاتووە برگە (٣): عێراق یەک بازنەی هەڵبژاردنە و کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دابەش دەکرێت بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا لە رێگای (سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی)یەوە.

برگەی (٢) ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی دیاریکردووە بە (٢٧٥) ئەندام، بەڵام برگە (١) روونی دەکاتەوە کە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەرێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی راستەوخۆی نهێنییەوە هەڵدەبژێردرێن.

سەبارەت بە رێگای بەکارهاتوو بۆ دابەشکردنی کورسیەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەسەر ئەندامەکانیدا، ئەوە لەسەر بنەمای (هێرکۆتا) یان (بەشە بچووکەکان) حساباتی دواترەوە کە زۆرترین ماوە (اکبر متبقی) بەکاردەهێنرێت، رادەکەش رادەی سروشتییە کە حساب دەکرێت بەدابەشکردنی کۆی ژمارەی دەنگە راستەکان بەسەر (٢٧٥)دا، کە ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجومەنە.

بەشی چوارەمی بریارەکە، رێگەو شێوازی پێشکەشکردنی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردنەکان رێکدەخات، کە لە برگەی (١)دا هاتووە کە هەر لایەنێکی سیاسی بۆی هەیە لیستی ناوی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی نیشتمانی پێشکەشی کۆمیسیۆن بکات، بەمەرجێک مەرج و پێوەرە یاساییە پێویستەکانیان تێدابێت. لە برگەی (٢)دا هاتووە کە دابەشکردنی کورسییەکان لە ئەنجوومەندا بەپێی پێرستی ناوەکان دەبێت کە لەو لیستەدا هاتووە، نابێت گۆران و جێگۆرکێ بکرێت لە ناوەکاندا دوای گەیشتنیان بەکۆمیسیۆن ئەویش بەپێی مێژوویەک کە کۆمیسیۆن دوایی دیاری دەکات.

لە برگە (٣)دا هاتووە کە پێویستە بەلایەنی کەمەوە ناوی ئافرەتێک لەناو ناوی سێ

پاڵێوراوی یەکەمی لیستەکەدا هەبێت.

پێویستە لەمیانەی شەش ناوی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا بەلایەنی کەمەوە ناوی دوو ئافرەت هەبێت... بەم جۆرە بڕگەی چوارەمی دیاریکردووە کە ژمارەی پاڵێوراوەکان لەهەر لیستێکدا کەمتر لە(١٢) پاڵێوراو نەبێت لە (٢٧٥) پاڵێوراو زیاتر نەبێت، بەڵام ئەو تاکەکەسانەی کە کۆمیسیۆن بەکیانی سیاسی سەربەخۆی دایناون ئەوە بۆیان هەیە یەک ناو پێشکەش بکەن.

دەربارەی مەرجەکانی ئەو کەسەی کە دەتوانێت دەنگ بدات ئەوە بەشی پێنجەم لە فەرمانی (٩٦) دیاری کردووە بەم شێوەیە:

أ- بەهاوڵاتی عێراق دابنرێت، یان بۆی هەبێت کە داوای گەڕانەوەی رەگەزنامەی عێراقی خۆی بکات، یان ئامادەباشی تیابێت بۆ وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقی، ئەمەش بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ مادە (١١)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا.

ب- پێویستە رۆژی لە دایکبوونی ١٩٨٦/١٢/٣١ یان پێش ئەو رۆژە بێت.

ج- پێویستە ناوی تۆمارکرابێت بۆ دەنگدان بەپێی ئەو رێوشوێنانەی کە لە کۆمیسیۆنەوە دەرچوون.

لەوەی پێشووەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەرمانی (٩٦) چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنەکانی دیاری دەکات پشتی بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی - (التمثیل السبي)بەستووەو کردوویەتی بەبنەما ئەمەش کارێکی چاکە چونکە لەو بڕوایەداین ئەمە رێگەیەکی گونجاوە بۆ واقیعی فرە رەنگی عێراق بگوازێتەوە بۆ ناو ئەنجومەنی نیشتمانی بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستاماندا.

٣- فەرمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ژمارە (٩٧)، لە یاسای پارت و دەستە سیاسیەکان).

لە بەشی یەکەمی ئەم فەرمانەدا هاتووە کە دەرکردنی ئەم فەرمانە بەشێک لە چوارچێوەی یاسایی پێک دەهێنێت لە پێناو هەڵبژاردنێکی راست و جێی متمانە، کە رەنگدانەوەی پێکهاتەی فرەجۆری عێراق بێت بەشێوەیەکی دادگەرانە، ئەمەش لە رێگەی هاندان و پەرەدان بەدەست و لایەنە سیاسییەکانە لەسەرجەم ناوچەکانی عێراق داو رێکخستنیان بەشێوازێکی پاک و دادوەرانە.

لە بەشی دووەمدا روونی دەکاتەوە کە مەبەستی کیانی سیاسی چییەو دانپیانانی دیاری دەکات، ئەوەتا روونی دەکاتەوە کە هەر پارتێکی سیاسی بریتییە لە تەعبیرکردنە لە بیروبۆچوون و بەرژەوەندی هاوبەش لەرێگەی رێکخستنیانەوە لە پارتێکی سیاسیدا، بەم شێوەیە حیزب (پارت) پێکدێت لە دەنگدەری ئامادەو خاوەن لێهاتوویی کە ئامانجیان تەعبیرکردن لە بەرژەوەندی و بیروبۆچوونەکانیان و پاشان نوێنەرەکانیان توانای خۆ کاندیدکردنیان هەبێت بۆ پۆستە گشتییەکان، بەڵام مەرجە کە پارتی سیاسی دانپیانانی فەرمی وەک کیانێکی سیاسی، لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی وەدەستبهێنێت وەسفی کیانی سیاسی تاکەکەسێکیش دەگرێتەوە کە دەیەوێت خۆی بپاڵێوێت بۆ یەکێک لە هەڵبژاردنەکان بەڵام بەو مەرجەی رەزامەندی فەرمی کۆمیسیۆنی وەدەست ناهێنێت و، ژمارەی دەنگدەری داواکراو کە مەرجی دەنگدانیان هەبێت و ئیمزایان کۆدەکرێتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی فەرمی (٥٠٠) دەنگدەرە بۆ هەر پارتێک و هەر تاکەکەسێک.

بەشی چوارەم: ئەمە دیاری دەکات کە تەنها کۆمیسیۆن دەتوانێت ئەو کارو کردەوانەی کە کردنیان یان پشتگوێ خستنیان کارێکی سوکایەتییە بەهەڵبژاردنەکان و هەرکەسێک پشتگوێیان بخات رووبەرووی سزا دەبێتەوە وەک ئاگادارکردنەوەی دادوەری ئاگادارکردنەوەی گشتی غەرامەی ماڵی وە راگرتنی رەزامەندی بۆ دەرچوونی لەکۆتاییدا

لێسەندنەوەی ڕەزامەندی لەو لایەنە ئەگەر وەربگرتبێت.

لێرەدا چەند مەرج و پرەنسیپێکی گشتی هەیە بەسەر هەموو کیانە سیاسییەکاندا دەسەپێت ئەوانیش:

أ- نابێت هیچ کیانێکی سیاسی پەیوەندی هەبێت یان پەیوەندی دابمەزرێنێت لەگەڵ هەر لایەنێک یان هێزێکی چەکدار، یان میلیشیا، پاشماوەی یەکە سەربازییەکاندا.

ب- نابێت هیچ کیانێکی سیاسی هیچ کەسێک کاندید بکات، کە پێوەرە یاساییە کارپێکراوەکانی تیادا نەبێت.

ج- نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی کۆمەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بکرێت لەلایەن هەر هێزێکی چەکدار یان پاشماوەی یەکەیەکی سەربازییەوە.

د- پابەندبوون بەیاساو سیستەمە کارپێکراوەکان لە عێراقدا وەک حاڵەتەکانی ڕێگە نەدان بەهەڵنان بۆ توندوتیژی، یان هەڵنان بۆ زۆر لێکردن، یان یارمەتیدانی تیرۆرو مومارەسکردن و بەکارهێنانی.

هـ- پابەندبوون بەڕێساکان سلوکی لایەنە سیاسییەکانەوە کە کۆمیسیۆن دەری کردووەو تیایدا سلوک و کاری پارت و دەستە سیاسییەکان و کەسەکان ئاماژەی پێکراوە (وەک کیانێکی سیاسی) ئەوانەی کە چوونەتە کێبرکێیی هەڵبژاردنەوە.

و- پێویستە سیستەمێکی ناوخۆیی هەبێت کە ڕێگەی مومارەسکردنی کارەکانی و ڕێگەی دیاریکردنی پێشەواکان ڕوون بکاتەوە.

ز- کیانە بیانیەکان مافی پێکهێنانی هاوبەندی سیاسی هەڵبژردنیان هەیە لە نێوان خۆیاندا، لەگەڵ مافی بانگەشەکردن و پروپاگەندەکردنیان هەیە بەو جۆرەی کە بۆ خۆیان دەگونجێت.

ح- شەفافیەتی تەواوی هەبێت لە هەڵسوکەوتی داراییدا.

**باسی دووەم: هەندێ سستەم کە کۆمیسیۆن دەریکردوون:**

أ- سیستەمی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٤) (ڕێساکانی ڕێوشوێنی ئەنجومەنی مفوضین).

ئەم نیزامە لەنۆ بەش پێکدێت، کە میکانیزمی کارکردنی کۆمیسیۆنەکەو پێکهاتەکەی ڕێک دەخات، چ بەنیسبەت (ئەنجوومەنی مفوضین) و چ بەنسبەت (ئیدارەی هەڵبژاردن) لەڕووی کۆبوونەوەکانیان و ئامادەبوونیان و چۆنێتی دەرکردنی بڕیارەکان و بەرپرسیاریەتییەکان و وەرگرتنی سکاڵاکان... ئەمەش پەرچڤەی ئەوەیە کە فەرمانی (٩٢)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ڕاهاتووە.

ب- نیزامی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) (تۆمارکردنی دەنگدەران) ئەم نیزامە لەسێ بەش پێکدێت کە مەرجەکانی دەنگدەرو ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردن دیاری دەکات، وە بەشی دووەمی ئەم نیزامە مەرجە پێویستییەکانی ژماردووە کە دەبێت لە دەنگدەردا هەبن بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن بکات، ئەمەش دەقاودەق لە فەرمانی ژمارە (٩٦) وەرگرتووە کە لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانان دەرچووە.

بەشی سێیەم لەم نیزامە ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردنی دەنگدەرانی ڕوونکردۆتەوە، ئەوەتا برگەی یەکەم لەم بەشەدا ڕوونی کردۆتەوە کە تۆمارکردنی دەنگدەرەکان لەسەر بنەمای بەیاناتی سیستەمی دابەشکردنی گشتی فۆڕمی خۆراک دەبێت کە لە ماوەی ناونوسکردندا پەرەی پێدەدرێت لە بارەی زیادکردن و گۆڕانکاری تیاکردنییەوە، لەبەرئەوەی بۆمان دەردەکەوێت کە تۆماری دەنگدەران پشتی بەبنکەکانی دابەشکردنی خۆراک بەستبوو، کە هەریەکێکیان ژمارەیەک لە بریکاری (مواد غذائی) دەگرێتە خۆ.

بەڵام برگەی (٢) هەتا برگەی (٧) ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردنی ڕێکخستووە. ماوەی تۆمارکردن دەستی پێکرد لە ١/١١/٢٠٠٤ و بەردەوام بوو هەتا ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/ ١٥، کە هێندەی ژمارەی بنکەکانی خۆراک وەرگرتن بنکەی تۆمارکردن کرایەوە، (بۆ

نموونە ژمارەی بنکەکانی خۆراک لە پارێزگای دهۆک لەزنجیرە (٢٣١) دەست پێدەکات و لە زنجیرە (٢٤٤) کۆتایی دێت. واتە (١٥) بنکەی خۆراک هەیە بەڵام دوو بنکەی تۆمارکردنی زیاد دەکرایەوە لە بنکەی خۆراکی - (٣٧ / عمادیە) و (٢٣٥/ سمێک) لە پێناو دەستڕاگەیشتن بەناوچەکە بەهۆی فراوانی پانتایی جوگرافی ئەو دوو ناوچەیەوە، تۆماری دەنگدەران هەموو ئەوانەی لە خۆی دەگرت کە ناویان لە زانیارییەکانی بنکەکانی خۆراکدا هاتبوو و تەمەنیان لەسەروو (١٨)ساڵییەوە بوو بەڵام بەنیسبەت زیادکردن و گۆڕانکارییەکان یان گۆڕینی بنکەی دەنگدانەوە (یەکەی دەنگدان) بۆ ئەو کەسەی کە ئارەزووی ئەمە بکات، ئەوا بنکەکانی تۆمار فۆرمی تایبەتیان لەلابوو بۆ ڕێکخستنی ئەم حاڵەتانە، کە بەفۆرمی ژمارە (١) ناودەبراو لەڕێگەی بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراکەوە دابەشی سەرهاوڵاتیان کران فۆرمی ژمارە (٢) و (٣)ش هەبوو، بۆ زیادکردن یان گۆڕینی ناوەندی دەنگدان ئێمە لەو بڕوایەداین ماوەی (٤٥) ڕۆژ بۆ تۆمارکردن بەس بوو بەڵام گرنگی ئەو ماوەیە نەزانرا لەڕۆژگارەکانی کۆتاییدا نەبێت یان دوای تەواوبوونی نەبێت لەکاتێکدا کە بڕگەی (٦) لە بەشی سێیەمی ئەم نیزامە بڕیاری دابوو کە هیچ داواکارییەکی گۆڕانکاریی لە پێش یان پاش ئەو ماوەیە وەرناگیرێت کە کۆمیسیۆن دیاریکردووە و بۆ ڕەوینەوەی هەر گرفتێک بڕگەی (٧) هاتبوو ئەوەی چەسپاندبوو کە هەر زانیاریەک کە تۆماری دەنگدەران لە خۆی گرتبێت و گۆڕانکاری (یان دەستکاری) تیانەکرابێت لەمیانەی ماوەی تۆمارکردندا ئەوە بەڕاست دادەنرێت.

ج- نیزامی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی هەموارکراو (پەسەندکردنی کیانە سیاسییەکان).

لە بەشی سێیەمی ئەم نیزامەدا پرنسیپە سەرەکییەکانی پەیوەست بەپەسندکردنی کیانە سیاسییەکان هاتووە. ئەوەتا بڕگەی (١) ئەوە دەگرێتەوە خۆی کە کۆمیسیۆنی ماوەیەکی

کاتی دیاری دەکات بۆ قبیولکردنی داواکاری کیانە سیاسییەکان و داواکاریەکان لەدوا یان پێش ئەو ماوە دیاری کراوە وەرناگیرێت، ئەو ماوەیەش (٢٣) رۆژبوو، کە دوایی درێژکرایەوە و هەر داواکارییەک دوای ئەو ماوەیە بکرێت وەک ئەوە وایە نەکرابێت. و هەمان بەش ئەو مەرجانەی دیاریکردووە کە پێویستە هەبن لە پێناو بەدەستهێنانی رەزامەندی و دانپیانان وەک کیانێکی سیاسی ئەوەتا لە برگەکانی (٢-٣-٤)دا هاتووە کە پێویستە لەسەر کیانی سیاسی بری (٢,٥) ملیۆن دیناری عێراقی دابنێت ئەگەر کیانە سیاسیەکە تاکەکەس بوو هەروەها (٧,٥) ملیۆن دیناری عێراقی پێویستە هەر کیانێکی سیاسی بیدات ئەگەر دەستەیەک یان حیزبێک بێت ئەم برە پارەیە بەتەواوی دەگەرێتەوە بۆ کیانەکە دوای هەڵبژاردنەکان ئەگەر کیانەکە بەلایەنی کەمەوە نیوەی ژمارەی ئەو دەنگانەی هێنا کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک لەهەر هەڵبژاردنێکیاندا بێت و ئەگەر هیچ سزا یان غەرامەی دارایی بەسەر دانەسەپێنرێت. بەهۆی سەرپێچی کردنی یاساو رێنماییەکانی هەڵبژاردنەوەو، برگەکانی (٦٢٥) دەقاودەق باسی ئەوە دەکەن کە داواکاری پێویستە بەپێی شێوەیەکی دیاریکراوبێت لەلایەن کۆمیسیۆنەکەوە و ئەم زانیارییانە لە خۆی بگرێت.

أ- ناوی سیانی کیانی سیاسییەکە.

ب- ناوی سەرۆکی کیانەکە/ یان پاڵێوراوی تاکەکەس و ناونیشانەکەی و زانیاری پەیوەندی پێوەکردنی و ئیمزاکەشی.

ج- لیستێک بەناوی (٥٠٠) دەنگدەر کە ئامادەبن لەگەڵ مێژوو شوێنی لەدایکبوونیان و ناونیشانیان و ئیمزایان و ژمارەو مێژووی بەڵگەنامەی (جنسیەی تایبەتی)ە خۆیان و نابێت پاڵپشی کرابن بۆ هیچ کیانێکی سیاسی تر.

د- رژێمی ناوخۆیی (ئەمەیان کیانە تاکەکەسیەکان ناگرێتەوە).

پێـویسـتـە تیـایدا بەرونی رێگەی هەڵبـژاردنی سـەرۆکی کـیـانە سـیـاسـیـیـەکـان و پاڵێوراوەکان دیاریکرابێت.

کۆمیسیۆن بۆ گەرەنتی کردنی شێوازی داواکاری فۆرمی تایبەتی رێکخستبوو ناوەبرا بەفـۆرمی ژمـارە (٢١) و فـۆرمـێکی تریش کـە چۆنێـتی پێـشکەشکردنی ناوی (٥٠٠) دەنگدەرەکەی تیا رێکخرابوو کە ئەوەیان بەفۆرمی ژمارە (٢٢) ناوەبرا.

هەرچی برگەی (٧) هەیە لەم بەشەدا ئەوا پێویستی کردووە لەسەر کیانە سیاسییەکان لە کـاتی داواکـردنی رەزامـەندی دا، کـە ئیـمـزا لەسـەر پەیماننامـەیەک بکەن ناودەبرێت بە (رێسـاکـانـی سلوکی کیـانە سـیـاسییەکـان)و چەنـد کـارێکی بنەرەتی لە خـۆی دەگرێت کە پێشـتـر فـەرمـانی (٩٧) دیاریکردوون کـە ئەم فـەرمـانە تایبەتە بەیاسای پارت و کـیـانە سیـاسـیـیـەکـانەوە بەڵام برگـەکـانی لە نۆ هەتا شـازدە (٩-١٦) لەم بەشە رێوشوێنەکـانی رێکخسـتن دەگرێـتە خـۆی لەلایەن کۆمـیسـیـۆنەوە دەربـارەی چۆنێتی قـبـوڵکردنی کیـانی سیـاسی و رێوشـوێنەکـانی ئاگـادارکردنەوەو گۆڕان و وەرگـرتنی لیـسـتی تایبـەتی کـیـانە سیاسییەکان.

بەشی چوارەمی نیـزامی ژمـارە (٣) هاتووەو چۆنێـتی دروسـتـبـوون و پێکهـێنانی هاوبەندییـەکـان و مـەرجەکـانی و رێگەی پێـشکەشکردنی داواکـاری یانی دیـاریکردووە، لەکـاتێکدا برگـەکـانی لە (١-٤)دا هاتووە دەربارەی مـافی هەر کـیـانێکی سیـاسی کـە دروسـتکردنی هاوبەندی لەگەڵ کـیـانێکی تری سیـاسی یان زیاتر، هەر کـیـانێکی سیـاسی مافی هەیە بچێتە یەکێک لە هەڵبژاردەکان بەتەنها، لیستی پاڵێوراوانی خۆیەوە و بچێتە هەڵبژاردنێکی تر بەلیـستی پاڵێوراوانی یەکگرتوو لەگەڵ کیـانێکی سیاسی تر، لە هەمان کـاتدا بـچێتە سێیەمەوە بەلیـستی پاڵێوراوانی لەگەڵ کیـانی سێهەمدا بەم جۆرە...، بەڵام برگەی (٥) روونی کردۆتەوە کە پێویستـە لەسەر کیـانە سیاسیەکە لەکاتی پێکهێنانی

هاوبەندیدا داواکارییەکی نوسراو پێشکەش بکات بەپێی ئەو نموونەیەی کە ئامادەکراوە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە تیایدا بەشداری دەکەن و ناوو زانیاری کەسانی دیاریکراو لەلایەن کیانە سیاسییەکەوە وەک نوێنەری ئەو لەلایەن کۆمیسیۆنەکەی لەسەر ئاستی پارێزگا.

پێویستە داواکارییەکە لەلایەن سەرۆکی هەموو کیانە هاوبەندەکانەوە ئیمزاکرابێت، برگەی شەشەم پێویستی کردووە لەسەر هاوبەندییەکان کە ناوی پالێوراوەکانیان لەگەڵ پێشکەش بکەن لەگەڵ داواکاری پەسەندکردن بۆ هەموو جۆری ئەو هەڵبژاردنە کە دەیانەوێت بەشداری تێدا بکەن.

هەرچی برگەی (٧) جەختی لەسەر چەند مەرجێک کردۆتەوە کە پێویستە جێبەجێ بێت لەکاتی تەماشاکردنی کۆمیسیۆنەکە بۆ داواکاری پەسەندکردنی کیانە سیاسییەکە، کە ئەمانەن:

أ- هیچ کەموکورتیەک لە داواکارییەکەدا نەبێت.

ب- نەبوونی لێکچوون لە نێوان ناوەیکیان یان هاوبەندی یان دروشمەکەی لەگەڵ کیانێکی سیاسی تریان هاوبەندییەکی تر.

ج- ناو یان دروشمی کیانە سیاسیەکە نابێت شتێکی لەخۆی گرتبێت کە توندوتیژی و نارەحەتی دروست بکات یان پێچەوانەی دابونەریتی گشتی بێت و کۆمیسیۆن شێوەیەکی تایبەتی دانابوو بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پەسەندکردنی هاوبەندییە سیاسییەکان و کە ئەمیش فۆرمی ژمارە (٢٤) بوو، ئەو زانیاریانەی سەرەوەی تیابوو بەمەرجێ فۆرمی ژمارە (٢٤) پڕکرابێتەوە بۆ هەر هەڵبژاردنێک کە هاوبەندییەکە بەتەمای بەشداریکردنە تیایدا، لەگەڵ پێشکەشکردنی لیستی پالێوراوەکان بۆ چوونە ناو کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانەوە.

٤- نیزامی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی پەسەند کردنی پالێوراوەکان)

نیزامی ژمارە چوار هاتووە بۆ ڕێکخستنی چۆنێتی پێشکەشکردن و پەسەندکردنی لیستی پاڵێوراوەکانی کیانە سیاسییەکان و هاوبەندییەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێک کە دەیانەوێت بەشداری تیا بکەن، ئەوەتا لە بڕگەی (٢)ی بەشی دووەمی داهاتووە کە دروست نییەو ناگونجێت بۆ هیچ کیان یان هاوبەندییەکی سیاسی لیستی پاڵێوراوەکانی پێشکەش بکات بۆ هەر هەڵبژاردنێک ئەگەر ئەو لیستە پەسەند نەکرابێت لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، سەبارەت بەلیستی پاڵێوراوەکان و **چۆنێتی ڕێکخستنیان. ئەوا بەشی** سێیەمی ئەم نیزامە لە بڕگەی دووەمی خاڵی یەکەمی دا دیاری کردووەو بەمەرجی داناوە کە پێویستە بەلایەنی کەمەوە ناوی ئافرەتێک هەبێت لە نێوان سێ کاندیدی یەکەمی هەر لیستێک دا وە هەروەها بەم جۆرە کۆمیسیۆن گرنتی ئەوەی کردووە کە نابێت ڕێژەی ئافرەت لە هیچ ئەنجوومەنێکدا لە چوار یەک (٤/١) کەمتر بێت، بەمەش کۆمیسیۆن کارێکی چاکی کرد بۆ هاندانی ئافرەت بۆ چوونە ناو کاری سیاسی و ڕێگەگرتن لەڕێکخەری لیستەکان کە گۆڕانکاری بکەن یان پاڵێوراوانی پیاو پێشبخەن بەسەر ئافرەتاندا، بەڵام بڕگەی سێ لە (یەکەم)ی ئەم بەشە، بەمەرجی داناوە کە نابێت ژمارەی پاڵێوراوان لە (١٢) کەمتر بێت و لە (٢٧٥) پاڵێوراو زیاتر بێت بەنسبەت کۆمەڵی نیشتمانی (بەڵام ئەم مەرجە لەسەر کیانە تاکەکەسییەکان جێبەجێ نابێت چونکە ئەو دەتوانێت تەنها ناوی خۆی لە لیستەکەدا پێشکەش بکات) بڕگەی دوو لەم بەشە ئاماژە دەکات کە نابێت لیستەکانیان وەربگیرێتەوە دوای پێشکەش کردنیان بە کۆمیسیۆن، لە پێناو گرنتی ئەوەی کە یاری پێ نەکرێت، مەگەر کۆمیسیۆن خۆی داوا بکات کە لیستەکەی لێ وەربگیرێتەوە لەلایەن خاوەنی لیستەکەوە بەمەبەستی چاککردنی لیستەکەو دانانی ئەو مەرجانەی کە پێویستن و پێشتر تیایدا نەبوون.

بڕگەی سێهەم ئەوەی دیاریکردووە کە نابێت ژمارەی کاندیدکراوەکان لە (٣) پاڵێوراو

کەمتر و لە (٤١) کەس زیاتر بێت بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

نابێت لە (٥١) ئەندام کەمتر بێت بۆ ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا (ئەم مەرجەش دیسان بەسەر کیانە تاکەکەسیەکاندا جێبەجێ نابێت).

بەشی چوارەم هاتووە مەرجەکانی شیاوی پاێوراوی دیاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ناوی لە لیستی پاڵێوراوەکاندا ریز بکرێت بۆ هەریەکێک لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. ئەنجومەنی پارێزگاکان.

و ئە مەرجانە ئەمانەن:

١- عێراقی بێت و تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ئەندام نەبووبێت لە حیزبی بەعسدا بەپلەی ئەندام فیرقە یان سەروتر.

٣- ئەگەر ئەندام بووبێت لە حیزبی بەعسدا بەپلەی ئەندامی کارا، ئەوە پێویستە لەسەری وەسیتەیەکی پاکانەکردن (وثیقە البراءە) لەم حیزبە پێشکەش بکات پێش ئەوەی مافی خۆ پالاوتنی هەبێت و سوێند بخوات لەسەر هاریکارینەکردن و پەیوەندی نەکردن بەرێکخراوەکانی بەعسەوە، چونکە ئەگەر دادگایەک سەلماندن کە ئەو درۆی کردووە یان لەم بارەیەوە فروفێڵی کردووە، ئەوە کورسییەکەی لە دەست دەدات لە ئەنجوومەنی نیشتمانی.

٤- نابێت لەکارمەندەکانی دەزگا ئاسایشیەکانی رابردووبێت. یان بەشداری کردبێت و دەستی هەبووبێت لە چەوساندنەوەی هاولاتیاندا.

٥- نابێت دەوڵەمەند بووبێت بەرێگەی ناڕەوا لەسەر حیسابی نیشتمان و دارایی گشتی.

٦- هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی یان هاوشێوە کەی بێت.

٧- سزانەدرابێت بەتاوانێکی لەکەدارکەرو، خاوەنی رابردوویەکی باش بێت.

٨- لەکاتی پالاوتندا نابێت کارمەندی هێزە چەکدارەکان بێت.

هەمان ئەم مەرجانە دانران بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (کە دوای نێزامێکی تایبەت دەربارەی ئەمەی دواییان دەرچوو کە ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٥) بوو.

بەڵام برگەی (٤) لە (پێنجەم) ئەو زانیاریانەی رێکخستووە کە پێویستە بچەسپێنرێت بەدەستی پێشکەشکردنی لیستەکان پاڵێوراوان.

وەک: ناوی ئەو هەڵبژاردنەی کە لیستەکانی بۆ پێشکەشکراوە.

هاوکات ئیمزاکردنی هەموو پاڵێوراوێک لەسەر (رێساکانی سلوک وەک پەیمانێک وایە لێی وەرگیرابێت و داننانە بەرێساکانی سلوکی کیانە سیاسییەکاندا. هەروەها زانیاری دەربارەی پاڵێوراوە وەک ناوی سیانی. مێژووی لە دایکبوونی ناونیشانی، زانیاری پێویست لە پێناو پەیوەندی پێوەکردنی هەرچی برگەکانی تری ئەم نیزامە هەیە بابەتی رۆتینییە وەک قبوڵکردنی لیستەکان و هەموارکردن تیایان داو پاشان بەرزکردنەوەیان یان ئەگەر زۆرتربوو لە ژمارەی پێویست (ئەوکاتە ناوە زیادەکان لادەدرێت کە لە کۆتایی لیستەکەوە دانراون)وە..

کۆمیسیۆن بۆ پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان نمونەیەکی تایبەتی رێکخستبوو بەناوی، فۆرمی ژمارە (٢٣) کە تیایدا زانیاری پێویست سەبارەت بەهەموو پاڵێوراوەکان چەسپێنرابوو، بەپێی ئەم فۆرمە لیستی پاڵێوراوەکان پێشکەشی دەکرا بۆ هەر هەڵبژاردنێک بەجیا، ئەمەش ئەو شێوازەبوو کە کۆمیسیۆنی پشتی پێ دەبەستێت بۆ وەرگرتنی لیستی پاڵێوراوەکان. لە پشتی ئەم فۆرمەوە بەڵێننامەیەک هەیە کە وەردەگیرێت لە پاڵێوراو قبوڵکردنی مەرجە پێویستییەکانی پالاوتنی لا مسۆگەر دەکات.

**باسی سێیەم: ڕێوشوێنەکانی کاری چاودێرەکان و بیرکاری کیانە سیاسییەکان**

ڕاگەیاندن - میدیا -

١- نیزامی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی چاودێرانی هەڵبژاردن):

کۆمیسیۆن بنەماو مەسەلەی چاودێرانی هەڵبژاردنەکانی داهێنا بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا، ئەمەش کارێکی چاکە چونکە چاودێریکردنی هەڵبژاردن پێویستە بۆ هەر هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەو، هشێکە لە گرتنییە کاراکان بۆ پاک و شەفافیەت و بێلایەنی هەڵبژاردنەکان و ڕێوشوێنەکانی، هاوڕێ لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی. ئەمەش لە بەشی دووەمی ئەم نیزامەدا ئاماژەی بۆ کراوە کە دەڵێت:

چاودێرەکان سەربەخۆن لەهەر فەرمانێکی حکومی یان کۆمیسیۆن، ڕۆڵیان کورت دەبێتەوە لە چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت دەربارەی پاکی و رادەی پابەندبوون بەپێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، دوای ئەوە پرۆسەی تۆمارکردنی گروپە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان روندەکاتەوە بەمەبەستی چاودێرکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن هەتا ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و تۆمارکردنی چاودێران وەک گروپ دەبێت نەک وەک تاکەکەس، واتە دەبێت چاودێر بچێتە پاڵ گروپێکی تۆمارکراو وە برگەی (٤) لە هەمان بەش ئەوەی رونکردۆتەوە کە پێویستە لەسەرچاودێرەکان پابەندبن بەرێساو رەفتارەکانەوە کە کۆمیسیۆن دیاریان دەکات و پابەندبوونی راشکاوانەی خۆیانی بۆ دەربخەن، هەروەها لە برگەی شەشدا هاتووە کە کۆمیسیۆن ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردن و لێسەندنەوەی تۆمار لە گروپەکانی چاودێری دیاری دەکات.

بەشی سێیەم روونی کردۆتەوە کە کۆمیسیۆن بەرپرس نییە لە ئاسایشی گروپەکانی چاودێری و پەیوەندییەکانیان و ئامرازەکانی گواستنەوەیان و سەلامەتیان وە هیچ یارمەتیەکیان پێشکەش ناکات و کۆمیسیۆن بەرپرس نییە لە تێچوونی پەیوەست

بەئەرکەکانیانەوە لە بنکەکانی هەڵبژاردن، پێویستە لەسەر ئەو گروپانەی کە هەڵدەستن بەچاودێری هەڵبژاردنەکان ئاگاداری ئەندامەکانیان بکەنەوە دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو رێوشوێنەکانی و هەروەها، رێساو سلوکەکانی چاودێرانی هەڵبژاردن پێویستە چاودێر فۆرمی پێبێ کە وەک چاودێر باوەڕپێکراوە سەرەڕای ناسنامەیەکی ناسینەوەی جێگرەو بۆ زیاتر دڵنیابوون لە ناسنامەی چاودێری هەڵبژاردن، بۆ چاودێرەکان نییە دەست وەربدەن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆیان هەیە سەرەنجی ئەندامانی کۆمیسیۆن و بەرپرسانی هەڵبژاردن رابکێشن بۆ ئەو بابەتانەی کە دەیانەوێت بیوروژێنن. چاودێرەکان تێبنییەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ سەرۆکەکانیان و بۆیان هەیە راپۆرتێکی گشتی فەرمی دەربکەن تیایدا سەرەنج لەسەر ئەو تێبینییانە بدات پێویستە گروپەک ئامادەبێت راپۆرتی کۆتایی تەسلیمی دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردن بکات. دەربارەی ئەنجامی چالاکییەکانیان. پێویستە گروپ بەپێی توانا بەڵگەکان ئامادە بکات کە پێشنیارو حوکمەکانیان پشتیان پێیان بەستوون لەکاتی پێشکەشکردنی ئەم راپۆرتانەدا.

لە هەموو ئەم حوکمانەوە روندەبێتەوە کە چاودێری کردنی هەڵبژاردن بەشێکی گرنگە و تەواوکەری پرۆسەی هەڵبژاردنە، شایەتێکە لەناو بنکەی دەنگدانەوەی دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی و دەربارەی رادەی شەفافیەت و پاکی و بێلایەنی دەربارەی کاری تەزویرو هەر کارێکی بێجگە لەمانە ئیتر لەگەڵ دەنگدان رویدابێت یان لەکاتی بەرێوەچوونی ژماردن و جیاکردنەوە، بەڵام بەو مەرجەی پابەندبن بەو رێوشوێنانەی کە کۆمیسیۆن بۆ کارەکانیان داناوەو ئەو رێساو سلوکانەی کە وەک پەیمانی شەرەف وایە بۆ بێلایەنیان.

٢- نیزامی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) (نیزامی بریکارەکانی کیانە سیاسییەکان ئەم نیزامە زۆر جیاواز نییە لە نیزامی چاودێرانی لەو رووەوە کە کۆمیسیۆن بەرپرس نییە

لە ئاسایشی بریکارەکان و پەیوەندییەکانیان و تێچوونی (تکلیف) گواستنەوەو سەلامەتیان وە برگەی سێیەم هاتووە روونی دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر کیانە سیاسییەکان ئاگاداری بریکارە باوەرپێکراوەکانی خۆیان بکەنەوە بەتەواوی دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و یاساو رێسا سلوکییەکان پێش دەستکردن بەهەر چالاکییەک لە چالاکییەکانیان و پێویستی کردووە لەسەر بریکاری کیانەکە، کە فۆرمی ئیعتیماد ئیمزا بکات کاتی وەرگرتن و، هۆکارەکانی ناسینەوەی پێویست هەڵبگرن بۆ ئەوەی کارمەندەکانی هەڵبژاردن بتوانن دڵنیابن لە ناسنامەیان دەربارەی سنوری کاری بریکارەکان ئەو نیزامە جەختی کردۆتەوە کە لە هیچ کاتێک دا بۆیان نییە دەست لە کاروباری پرۆسەی هەڵبژاردن وەربدەن بۆیان هەیە سەرەنجی ئەندامانی کۆمیسیۆن یان بەرپرسانی هەڵبژاردن رابکێشن بۆ ئەو بابەتانەی دەیانەوێت بیانوروژێنن دەتوانین تێبینی و راپۆرتەکانیان بۆ سەرۆکی کیانە سیاسییەکەیان بەرز بکەنەوە و دەتوانین هەر بابەتێک بوروژێنێت لەگەڵ بەرپرسی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پارێزگا یان هەرێم. یان لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی و بۆ سەرۆکی کیانی سیاسی هەیە نارەزاییەک (اعتراض - گازاندە) پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنەکان بکات ئەگەر ئەو گرفتانە چارەسەر نەبوون.

ئەم نیزامە وەسیقەیەکی لەگەڵ دایە کە رێسای رەوشتی (قواعد سلوک)ی بریکارەکانی کیانە سیاسییەکانە، کە پێویستە لەسەر بریکار ئیمزای بکات کاتێک وەسیقەی ئیعتماد وەردەگرێت یان پێشکەشی دەکات بەکۆمیسیۆن، ئەم وەسیقەیە سنوری کاری بریکارەکانی کیانە سیاسییەکان و دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکات، ئەمەش سیغەیەکی نوێیە کە کۆمیسیۆن دۆزیویەتییەوە، قەت کاری پێنەکراوە لەو هەڵبژاردنانەی کە لە عێراقدا بەرێوەچووە. چ ئەوانەی سەردەمی پاشایەتی و چ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کرا لە (١٩٩٢)دا.

٣- نیزامی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی هۆکارەکانی راگەیاندن - میدیا)

ئەم نیـزامـە دەرچوو لە پێناو رێکخسـتنی و دانانی چەند بنەمـایەک بۆ راگـەیاندن مـاوەی هەڵبژاردنەکانی. هەرچەندە رێسـاو وردەکارییەکانی پێشتـر دەرچووبوو لەلایەن (دەستەی نیـشتـمـانی عێـراقی بۆ پەیوەندیکردن و راگـەیاندن) کـە بەپێی فـەرمـانی ژمـارە (٦٥)ی دەرچوو لـە رۆژی ٢٠/٣/٢٠٠٤ی دەسـەڵاتی کـاتی هاوپەیمانانەوە دەرچوو بـوو ئەمــەش بەشی یەکەمی ئەم نیزامە دەقاوتەق جەختی لەسەر کردبووەوە.

بەڵام بەشی دووەم ئامـاژەی بائاگـاهێنانی دەنگدەدەران و ئاگـادارکـردنەوەی نوێنەران و گـوێگران و بینەران بە وردی کـردبوو لەکـاتی گـونجـاودا هەنگاو بەهەنگاو لەگـەڵ پرۆسـەی هەڵبژاردنەکاندا.

بڕگـەی (٢) لە بەشی دووەم بەمـەرجی دانابوو کە پێـویستـە لەسـەر هەمـوو هۆکارەکانی راگەیاندن کە زانیاری بێ لایەنانە پێشکەش بکەن دەربارەی سیاسەتەکانی کیانە سیاسییە جیـاجیـاکـان. بڕگـەی (٣)ی هەمـان بەش ئەوەی رونکردۆتەوە کـە مـاوەیەک هەیە مـاوەی بێـدەنگی راگـەیاندنە کـە دەکـەوێتـە نێـوان کـۆتایی هاتنی پروپاگـەندەکـانی هەڵبـژاردن و داخستنی بنکەکانی دەنگدانەوە دوای هەڵبژاردن لێرەدا هیچ گواستنەوەیەکی راگەیاندن و بۆ هیچ چالاکییـەکی حیزبی ناکرێت، بەڵام ئەو زانیـارییانـە ناکرێتـەوە کە کۆمیـسیـۆن خۆی پێشکەشی دەکات.

بەڵام بـەشی سـێـیـەم: چونە ژوورەوەی هـۆکـارەکـانی راگـەیاندن بۆ نووسـینگەکـانی کـۆمیـسیـۆن و بـنکەکانی دەنگدەران رێکدەخات. ئەوەتا بەمـەرجی دادەنێت لەسـەریان کە دەبێت مـۆڵەتی بەرپرس لەو نوسینگەیە (نوسینگەی نیشتـمانی بێت یان لە پارێزگا بێت) دەربارەی پەیوەندی هۆکارەکانی راگەیاندن وەربگرن و پشـتـیـوانی راگەیاندن وەدەستبخەن لەلایەن کۆمیسیۆنەوە کە بەرێوشوێنی تایبەت دەریدەکات (لە شێوەی باجی تایبەتدا).

ئەمەیان بەنسبەت بنکەی دەنگدانەوە پێویستە.

بڕگـەی (٣) لەم بەشـەدا جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـات کـە رێگە نادرێت وێنەی هیچ کەسێک بگیـردرێت کە لـە بنکەی هەڵبژاردن دایە بەفۆتۆگرافی یان لەسەر کاسێت تەنها

بەرەزامەندی راشکاوانەی خۆی نەبێت، وەنابێت دەنگدەر لەکاتی دەنگدان و پرسیاری دەنگەکەی لێبکرێت، ئەگەر خۆیشی رازیبێت لەسەر ئەمە. چونکە ئەمە سەردەکێشێ بۆ شکاندنی پرەنسیپێکی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانی نهێنی (نهێنی بوونی دەنگدان).

بەڵام ئەو سەرپێچیانەی پەیوەستن بەم نیزامە وە، کۆمیسیۆن رای سپاردوون بە (دەستەی نیشتمانی عێراقی بۆ پەیوەندیکردن و راگەیاندن) یان بۆ دادگای عێراقی بەپێی گەورەیی سەرپێچییەکە. ئەمەش لە بەشی چوارەمی ئەم نیزامەدا هاتووە.

**باسی چوارەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنەکانی هەندەران و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.**

١- نیزامی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەم نیزامە هاتووە بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەوەتا بەشی دووەمی هەنگاوە گشتییەکانی سیستەمی هەڵبژاردنی دیاری کردووە، دەڵێت لە رێگەی دەنگدانی نهێنی گشتی راستەوخۆوە دەبێت و، برگەی (٣) ئەم بەشە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بە (٤١) کورسی دیاری کردووە لەگەڵ دیاریکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغداو بە (٥١) کورسی، برگەی (٤) هەر پارێزگایەکی بەیەک ناوچەی هەڵبژاردن داناوە. و هەڵبژاردنەکان بەپێی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی دەکرێت و پرۆسەی دابەشکردنی کورسییەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیدا پشتی پێ بەستووە کە ئەویش رێگەی (هێرکۆتا)یە کە دوایی کۆمیسیۆن بەنیزامێکی تایبەتی دەریکرد بەژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٥)وە لە دێری کۆتاییدا هەمان برگە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کورسییەکان دابەشی سەر پاڵێوراوە دەرچووەکان دەکرێت نەک ئەو کیانە سیاسیانەی کە ئەمان سەر بەوانن.

بەڵام بەنسبەت شیاوێتی پاڵێوراو (اهلیە الناخب) و مەرجە پێویستییەکانی پاڵێوراو ئەوە هەمان مەرجەکانی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانییە کە بەشی پێنجەمی فەرمانی

ژمـاره (٩٦) (یاسـای هەڵـبژاردن) دیاریکردبوون، بەڵام مـەرجێکی تری بۆ زیادکـربوو. ئەویش ئەوەبوو کە دەبێت تۆمـارکـرابێت لە تۆمـاری پاڵێـوراوان هەمـان ئەو پارێزگـایەکـە دانیـشتـوویەتی لێرەوە روون دەبێـتـەوە کە رەخنەی ئاراسـتـەکراو سەبارەت بە بوار نەدانی دەنگدەران لە هەندەران بۆ ئەوەی دەنگبدەن بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نەبوونی زانیـاریان بوو دەربارەی یاساو رێنماییەی هەڵبژاردنەکان.

بەڵام بەشی سـێیـەم: ئەوە شیـاوی و مـەرجەکانی پاڵێـوراوی ئەنجومەنی پارێزگـاکـانی دیاریی کردووە کە هەمان مەرجەکانی پاڵێوراوی کۆمەڵەی نیشتمانییە. کە بەشی چوارەمی نیـزامی ژمـارە (٤)ی سـاڵی (٢٠٠٤) رێکی خـسـتـبـون لەگەڵ زیادکردنی دوو مـەرجی تر ئەوانیش:

أ- پێویستە دانیشتووی ئەو پارێزگایەبێت کە دەیەوێت ئەنجوومەنەکەی هەڵبژێرێت.

ب- نـاوی تەنهـا بێت لە لیـسـتـەکـانی پاڵاوتنەکـانی هیچ هەڵـبـژاردنێکی تر بەرێوەدەچێت، وەک ئەنجوومەنی پارێزگایەکی تر یان کۆمەڵەی نیـشـتمـانی یان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

بەڵام ناو نانی پاڵێوراوەکـان و رێکخـستنی لیسـتـەکـان و مەرجە پێـویسـتـیـەکـان لە رێکخستنی هەر لیستێکدا ئەمانە بەشی پێنجەمی ئەم نیزامە رێکی خـستبوون کە هەمان مەرجی پێویستن کە دەگیرێتەبەر بەنیسبەت لیستەکانی پاڵێوراوانی کۆمەڵەی نیشـتمـانی عێراقیەوە.

٢- نیـزامی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٤) تۆمـارکـردن و هەڵـبژاردن لە هەندەران، مـەبەست تۆمـارکـردن و دەنگدان لە دەرەوەی وڵات ئەو پرۆسـەیەیە کە عـێـراقـیـیـە ئامـادە باشـەکـان (مؤهلین) لە دەرەوەی وڵات دەژین بتـوانن خـۆیان تۆمـار بکەن و دەنـگ بدەن لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتماندا ئەمەش برگەی (٩) لە بەشی یەکەمی ئەم نیزامە ئاماژەی بۆ کـردووە، بەنسـبـەت شـیـاوی دەنگدەرەوە بۆ دەنگدان لە هەندەران، ئەوە هەمـان ئەو مەرجانـەیە کە پێویسـتـە لە دەنگدانێکی ناوخۆیی عێراقـدا هەبن، بەڵام هەڵبـژاردنەکـانی

دەرەوەی عـێـراق زوترکـران. مـاوەی تۆمـارکـردن کـورت بوو کـە پێش ٢٠٠٠/١/٣٠ بوو بەچەند رۆژێک. بەڵام هۆی ئەوەی کە بۆچی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەندەران تەنها بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی بووە ئەوەیە کە بێگومان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە مادەی (٢٠)ی دادەڵێت کە مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت. و نیزامی ژمارە (٨)ی ٢٠٠٤ لە بەشی سێیەمیدا بە مەرجی داناوە کە دەنگدەر دەبێت نیشتەجێی ئەو پارێزگایە بێت کە دەیەوێت بەشداری دەنگدان بکات لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەکەیدا، ئەمانەیش لە دەنگدەرانی هەندەراندا نەهاتبوونە دی. لەبەرئەوە هەلی بەشداریکردنیان نەبوو تەنها لە هەڵبژاردنی کۆمەڵە نیشتمانی عیراقیدا نەبێت.

بەشی سێیەمی ئەم نیزامە لە برگەی یەکەمیدا ئاماژە بەوە دەکات. کە رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (I.O.M) ئەرکی پرۆسەی تۆمارکردن و دەنگدان دەگرێتە ئەستۆ هەر ئەویش ئەو لایەنەبوو کە هەستا بەو کارە بەپشت بەستن بەبیر خەرەوەیەکی لێککگەیشتن کە مۆرکرابوو لە نێوان رێکخراوەکەو کۆمیسیۆندا، بەڵام لایەنەکانی ئیداری هەڵبژاردن ئەوە هەر لە دەسەڵاتی کۆمیسیۆندایە.

هەرچی بەشی چوارەم و پێنجەمی ئەم نیزامەیە ئەوە هەنگاوە کردارییەکانی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و میکانیزم و چۆنێتی پیشاندانی تۆماری دەنگدەران و پێشکەشکردنی تانەو ماوەی تانەگرتن... شتی لەو بابەتەی رونکردۆتەوە، بەڵام بە بەشی شەشەم لەم نیزامە پرۆسەی دەنگدان و چۆنێتی دەنگدانی دەنگدەری رێکخستووە کاتێک پێویستی کردووە کە دەبێت دەنگدان لە هەمان ئەو بنکەیە بێت کە لێی تۆمارکراوە، بەنیسبەت رێوشوێنەکانی دەنگدان و ژماردنیان و جیاکردنەوە ئەمانە هەمووی لەناو عێراق جێبەجێ دەکرێت.

کۆمیسیۆن (١٤) دەوڵەتی بیانی بنکەی هەڵبژاردنی کردەوە، کە پشتی بەچڕی (رەڤەندی عێراقی) ئەو وڵاتانە لەگەڵ رێکخراوی کۆچدا لەوانەیە لێرەدا جۆرێک لە کەموکورتی هەبووبێت و گرنگی خۆی نەدرابێتە بابەتەکە.

٣- نیزامی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٥) (هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان) لە نیزامی ژمارە (١٤)دا هاتووە ئەو پرەنسیپ و بڕیارانە دەچەسپێنێتەوە کە پێشتر کۆمیسیۆن بڕیاری لەسەر داون لە نیزامەکانی پێشوویدا، بەتایبەت ڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوەو کاری بریکارەکان و چاودێرەکانی ڕاگەیاندنەکان، بەڵام چاکتر وایە ئاماژە بکەین بەهەندێ کارو فرمانی ئەم نیزامە.

بەشی یەکەمی ئەم نیزامە (هەرێمی کوردستانی) بەم جۆرە دیاریکردووە (٣- هەرێمی کوردستان: واتە ئەو زەویانەی کە بەڕێوەدەبران لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ١٩/ ئازار/ ٢٠٠٣دا کە دەکەوێتە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی و کەرکوک و دیاللەو موسڵ هەروەک چۆن مادە ٥٣/أ/ یاسای بەڕێوەبردنی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوەدا هاتووە).

مادەی یەکەم لە بەشی دووەم ڕوونی کردۆتەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتماندا دەبێت لە ٢٠٠٥/١/٣٠ .

مادە (٤)ی هەمان بەشی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی دیاریکردووە کە (١١١) کورسییە، لە بارەی مەرجەکانی شیاوێتی دەنگدان ئەوە هەمان مەرجە داواکراوەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانییە بێجگە لەمەرجێک نەبێت ئەویش (دەبێت دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و تۆمارکرابێت لەگەڵ دەنگدەرەکانی ئەوێدا)سەبارەت بەشیاوی پاڵێوراو مەرجە پێویستەکانی کە هەبێت لە پاڵێوراودا، ئەوە هەمان مەرجە داواکراوەکانی پاڵێوراوانی کۆمەڵەی نیشتمانییەو ئەنجوومەنی پارێزگاکانە، تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت دانیشتووی هەرێم بێت و نەپاڵێوراوبێت بۆ هیچ هەڵبژاردنێکی تری ئەم خولە. و هەرچی مەرجەکانی ترو ناونانی پاڵێوراوەکان و ڕێساکانی ڕەفتاری گیانە سیاسییەکان هەمان ئەوانە کە بڕیاریان لەسەرداوەو داواکراون بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵانی نیشتمانی عێراقی.

## بەشی دووەم

## رێو شوێنەکانی هەڵبژاردن

**باسی یەکەم: پاشماوەی ئەو نیزامانەی کە کۆمیسیۆن دەری کردوون تایبەت بەماوەی پێش هەڵبژاردنەکان.**

١- نیزامی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٤) (ماوەی دیاریکراو بۆ خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران و پێشکەشکردنی تانە).

ئەم نیزامە بڕیاری بوونی ماوەیەکی داوە کە کۆمیسیۆن دیاری دەکات لە میانەی تۆماری دەنگدەران دەخرێتەڕوو لە نوسیگەی لقەکاندا کە سەر بەنووسینگەی پارێزگاکانە بۆ ئەوەی هاولاتیان بچن بۆ ئەو بنکەوە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی ناوەکانیان بەوردەکارییەوە لە تۆماری دەنگدەراندا.

بەپێی ئەوەی کە لە بەشی دووەمی ئەم نیزامەدا هاتووە.

بەشی سێیەم بەمەرجی داناوە کە دەبێت تانەگرتن پێشکەشبکرێت لە ماوەی خستنەڕووی تۆمارەکەدا، پێشکەشی نووسینگەی بەرێوەبەری نوسینگەی پارێزگای کۆمیسیۆن بکرێت، هاولاتی بۆی هەیە رەخنەو تانە لە هەبوونی ناوی جگە لە خۆی بگرێت کە لە تۆماری دەنگدەرەکاندا هاتووە. ئەگەر بۆی روون بوویەوە کە ئەو کەسە هاولاتی عێراقی نییە، یان مێژووی لە دایکبوونی ١٩٨٧بێت) یان بزانێت ئەو کەسە مردووە، بەلام نیزامەکە روونی کردۆتەوە کە سەلماندنی راستی دەوێتە ئەستۆی لایەنی رەخنە یان تانەگر بەلام بابەتی تانە بەرەخنە پێویستە لەسەر ئەوە بێت کە ناوەکەی

نەهاتووە لە تۆماری دەنگدەدراندا.

١- ئەگەر ناوی نووسرابێت لە فۆرمەکانی بەیاناتی تۆماری تایبەت بەخێزانەوە.

٢- یان ناوی زیادکرابێت بۆ تۆماری دەنگدەران لە ماوەی تۆماردات، بەو مەرجەی فۆرمی ژمارە (٢) پیشان بدات، یان فۆرمی ژمارە (٣) پیشان بدات واتە (پسولەی وەرگرتنی تایبەت بۆە تۆمار پیشان بدات) بەڵام هەر داواکارییەکی تازە بۆ زیادکردنی ناوی نویێ بۆ تۆمارەکە لە میانەی ماوەی خستنەڕوو ئەوە ناگونجێت مەگەر بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیۆنەکە بێت.

دەربارەی سەیرکردنی تانەو رەخنەکان هەمووی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگای کۆمیسیۆنە، ئەمەش لە ماوەیەکدا دەبێت کە لایەنی زۆری یەک رۆژ دوای تەواوبوونی مارس خستنەڕووی تۆمارو پێشکەشکردنی تانەکەیە.

دوایی بەرێنمایی تایبەت دیاری کرا لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، بەماوەیەک لە (٢٠٠٥/ ١/١٩) هەتا (٢٠٠٥/١/١٦) بەڵام لەلایەنی واقیعییەوە تۆماری دەنگدەران نەخرایەڕوو تەنها یەک رۆژ نەبێت ئەویش ٢٠٠٥/١/٢٦ بوو بەهۆی دواکەوتنی گەیشتن بۆ هەموو پارێزگاکان.

٢- نیزامی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٤) (نیزامی بانگەشەی هەڵبژاردن) بڕگەی سێیەم لە بەشی یەکەمی ئەم نیزامە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بانگەشەی هەڵبژاردن بریتییە لە: بانگەشەی راگەیاندن و بڕوا پێهێنانی رەوا کە یەکێک لە کیان یان هاوبەندییە سیاسیەکان بەرێوەی دەبەن لە پێناو بڕواپێهێنانی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە بۆ ئەوەی دەنگ لە بەرژەوەندی کیان یان هاوبەندەیە سیاسیەکان بدەن، لێرەدا کۆمیسیۆن رێگە یان هۆکاری بڕوا پێهێنانەکەی دیاری نەکردووە کە ئایا میدیاکان بێت یان چالاکی جەماوەری یان بەئاگاهێنانەوەی هاوڵاتیان بەڵام بەشی دووەم لەم نیزامە

بەهەردوو برگەکەیەوە ماوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی دیاریکردووە لەم بەروارە یان لە دوای ئەم بەروارەوە (١٥/١٢/٢٠٠٤) وە دەست پێدەکات هەتا (٤٨) کاتژمێر پێش رۆژی هەڵبژاردن، بانگەشەی هەڵبژاردن مافی ئەو کیانە سیاسیانەیە کە پەسەندکراون لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، لە سنوری یاساو رێنماییەکاندا کە کۆمیسیۆن دەریکردون، ئەم ماددەیە سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ کۆتایی هاتنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن کاتێک دەڵێت (٤٨) کاتژمێر پێش هەڵبژاردن چاکتر وابوو کاتژمێری دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی دیاری بکردایە، واتە راگرتنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (٧)ی بەیانی رۆژی (٢٨/١/٢٠٠٥) دا بوایە. لە بەشی سێهەم دا هاتووە مەرجەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی دیاریکردووە کە هەمووی کۆکردۆتەوە لەیەک مەرجدا ئەویش ئەوەیە کە پێویستە لەسەر هەموو کیانەکان و (لایەنەکان) هاوبەندیە سیاسیەکان دڵنیابن لەوەی کە بانگەشەو پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانیان لەهەر جێگایەک دا لە میانەی مەرجە دیاریکراوەکانی ئەم نیزامەو رێساکانی رەوشتی کیانە سیاسیەکان بێت کە سەرۆکی کیانەکە وەک بەشێک لە پرۆسەی پەسەند کردنی مۆری کردووە.

پاشان ئەم نیزامە برگەیەکی ئیجرائی هێناوە کە روونی دەکاتەوە هەر کیانێکی سیاسی پێشێلی ئەم نیزامەیان رێساکانی کیانە سیاسیەکانی تر بکات. خۆی رووبەرووی سزا دەکاتەوە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق دەیسەپێنێت، سەرەرای بەرپرسیارێتی یاسایی.

بەڵام برگەی سێیەم پرەنسیپی ناسراوی راگەیاندووە کە خەرجی بانگەشەو پروپاگەندەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسیەکان و هاوبەندییەکان لەسەر شانی خۆیانەو کۆمیسیۆن هیچ رێکخستن تێچوونێک ناگرێتە ئەستۆی خۆی لە میانەی ئەم بانگەشانەدا.

ئەم نیزامە کورت و چروپرە چونکە وردەکاری پێویستی لە خۆی نەگرتووە بەتایبەتی

کـە ئەوە یەکــەم هەڵبـژاردنی لەو جـۆرەیە لە عـێـراقـدا بکرێت، لەوانیــە باسکردنی وردەکاریەکان بەسوود بوایە.

٣- نیزامی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٥) (نیزامی سەرپێچیەکانی هەڵبژاردنەکان) ئەم نیزامە سەرپێچی هەڵبژاردن دیاریدەکات بەوەی کە: هەر شکاندنێکی ئەم نیزامەیان پابەندنەبوون بە فەرمانەکانییەوە، ئەمە لە بڕگەی (٧)ی بەشی یەکەمی ئەم نیزامەدا هاتووە، بەشی دووەمی رونی دەکاتەوە کە هەڵگرتنی چەک لەلایەن هەر کەسێکەوە لەناو بنکەکانی تۆمار یان دەنگدان یان لە سنوری (١٠٠) مەتر لە چواردەوری کۆمیسیۆن بونیان هەیە بەتاوانی هەڵبژاردن دادەنرێت.

مادەکانی بەشی سێیەمی ئەم نیزامە وردەکارییەکانی (پێشێلکردن بەپرۆسەی هەڵبژاردن و گرفت بۆ دروستکردنی) دیاری کردووە، وەک هاندان لەسەر توندوتیژی و بەربەست دروستکردن لە بەردەم کارمەندەکانی کۆمیسیۆن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان، بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردن لە دژی هەر کەسێک یان بەکارهێنانی شێوازەکانی هەڵخەڵەتاندن و سەرپێچیکردنی رێنمایە دەرچووەکان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە. نیزامەکە بەشێکی تەنهای داناوە بەتایبەت بەتاوانی (بەرتیل) ئەمەش بەشی چوارەمە، بەچەند بڕگەیەک ئەو شتانەی دیاری کردووە کە لەمیانەی حوکمەکانی تاوانی بەرتیل خواردن وایە، ئەوانەی هاوپەیوەندن بەحوکمەکانی ئەم نیزامەوە وەک داواکردن یان وەرگرتنی شتێک کە سودی بێ پاساوی تیابێت بۆ خۆی یان بۆ هەرکەسێک (کارمەندی کۆمیسیۆن) لە بەرامبەر هەستانی بەکارێک یان رێگەگرتن لە جێبەجێکردنی کۆمیسیۆن لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دا یان بەرامبەر کاریگەری خستنە سەر هەر کەسێک وەک دەنگدەر یان لەسەر دەنگدانەکەی یاخود لەسەر پشتگیریکردن بۆ کیانێکی سیاسی یان بەیاریکردنی وە لە بەشی پێنجەمدا هاتووە دیاردەکانی تاوانی (گۆڕین و تەزویر)

روندەکاتەوە بەپێی ئەم نیزامە بۆ نموونە، دەنگدان بەناوی کەسێکی ترەوە کە مردو بێت یان زیندوو یان دووبارە دەنگدانەوە لە هەمان هەڵبژاردن کە بەتەزویر دەنگی تێدابدات، یان وەرەقەی دەنگدانەکە تەزویر بکات یان لەناوی ببات بە فێڵ، یان بە بەفێڵ هەوڵی دەستەخستنە ناو پرۆسەی ژماردنیان، یان جیاکردنەوەی دەنگەکان بدرێت لەلایەن کەسێکەوە.

لە بەشی شەشەمدا هاتووە ئەحکامەکانی (شکاندنی مەرجەکانی نهێنی) رێکخستووە، کاتێک هەندێک حاڵەتی خوارەوەی بەتاوانی داناوە کە مەبەست لێی شکاندنی مەرجەکانی نهێنییە، کە لەلایەنی هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت بۆ نموونە خۆ هەڵقورتاندنی بۆ کاریگەری خستنە سەر دەنگدەر لەکاتی دەنگدانی دا، یان هەوڵدان بۆ ناچارکردنی کەسێک بۆ ئەوەی ناوی ئەو لایەنە دەربخات کە دەنگی بۆی دەدات یان دەنگی بۆ داوە یان هەوڵی زانینی هەر کەسێک لەکیانە سیاسییەکە کە جگە خۆی دەنگی بۆ داوە یان بۆی دەدات، یان هەڵنانی دەنگدەر بەمەبەستی دەرخستنی مەسەلەی دەنگدانەکەی بۆ زانینی ئەو لایەنە سیاسیەی کە دەنگی بۆ داوە.

بەڵام بەشی حەوتەم بابەتی (پروپاگەندەی چەواشەکارەو هەڵخەڵەتێنەر)ی رێکخستووە، کە داینناوە لە میانەی تاوانی هەڵبژاردندا، وەک هەستانی کەسێک بەبڵاوکردنەوە یان دابەشکردنی یان رێگە بدات و وازبێنێت کە وشەیەک بڵاوبکرێتەوە کە پەیوەندی بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە یان دەرەنجامەکانییەوە هەبێت و، ئەو کەسە دەناسرێت بەدرۆزن و مەبەستی پێی سەرلێشێواندنی دەنگدەر بووە.

بەڵام ئەو کردەوانەی کە بەتاوانی هەڵبژاردن دادەنرێن و لەلایەن کیانە سیاسیەکانەوە ئەنجام دەدرێن لەکاتی جێبەجێکردنی چالاکییەکانیاندا، ئەوە بەشی هەشتەم لەم نیزامە رێکی خستووە وەک ئەم قۆناغەی خوارەوە: هەستانی سیاسییە یان پاڵێوراوێک

بەبانگەشـەو پڕوپاگـەندەیەکی ڕاگـەیاندن لە دەرەوەی مـاوەی دیاریکراوی خـۆیدا، یان هەسـتـانی کـەسێک لە هێزە چەکدارەکـانی عـێراق لەوانەش وەزارەتی بەرگری یان هەر دامەزراوەیەکی سەر بەئەو بەبانگەشەکردن بۆ هەر کیانێکی سیاسی یان هەر پاڵێوراوێک هەروەها شکاندنی ڕێسا ڕەوشتیەکانی کیانی سیاسییەکان لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت، یان هەسـتـانی کـیـانێکی سـیـاسی بەچالاکـیـەک لە ڕۆژی دەنگداندا و لە نێـوان سنوری (١٠) مەتر لە دەوری بنکەی دەنگدان بەمەبەستی هەوڵدان بۆ بەدەسـتـهێنان لایەنگر بۆ پاڵـێـوراوەکـانی بۆ زانین هەر کـیـانێکی سـیـاسی بەرپرسـە لەو پێـشـێلکاریانەی کـە ئەندامەکانی و بریکارەکانی دەیکەن و بەرپرسیارییەکەش هاوبەشە لەگەڵ ئەو کەسەی کە هەستاوە بەسەر پێچییەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم نیزامە، بەشی نۆیەم باسی بابەتەکانی سکاڵاو جەزای کردوە، کە دەڵێت (تەحکیم) لەو سکاڵاو ڕەخنانەدا بەپێی نیـزامـەکـانی کۆمیـسیـۆن دەبێت، هەموو کەسێک یان کیانێکی سیاسی بۆی هەیە سکاڵا پێشکەشی ئەنجـومـەنی کـۆمـیـسـیـۆن بکات و کـۆمـیـسـیـۆنیش بۆی هەیە چاو بەهەندێ کـاروباردا بخێشنێت ئەگەر هیچ سکاڵایەکیش پێشکەش نەکرابێت وە کۆمیـسیـۆن بۆی هەیە هەندێ سکاڵای جـەزایی هەواڵەی جێگەی تایبـەتمەندی بکات (برگـە ٣) وە تاوانی هەڵـبـژاردن دەبێتە هۆی بەسەرا سەپاندن وکەوتنە سەری سزای چالاک و مـەترسێنەر - رادع - (برگە ٤). کـۆمـیـسـیـۆن بۆی هەیە سـزا بسـەپێنێـتـە سـەر کـارمـەندەکـانی خـۆی و سـەرکـیـانە سیاسیەکـان یان بریکـارەکـانیـان و چاودێرەکانیش، یان سەرکەسی سروشتی کە دەکەوێتە ناو دەسەڵاتی دادوەری ئەوەوە. ئەم سزایانە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

أ- ڕێوشوێنی چارەسەر ئامێز - علاجی-.

ب- غەرامەکردن.

ج- لێسەندنەوەی پەسەندکردن لەکیانە سیاسیەکە بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣٠ (واتە

مافی بەشداری نامێنێ لە هەڵبژاردن).

د- ڕێگەگرتن لە کەسێک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ئیتر ئەم کەسە پاڵێوراوبێت یان ئەندامی دەستەیەکی سەر بە ئیدارەی هەڵبژاردن بێت.

ه. لابردنی ناوی پاڵێوراوە سیاسییەکە لە لیستی پاڵێوراوان.

و- لێسەندنەوەی بڕوانامە - اعتماد - لە گروپێکی چاودێران.

ز- لێسەندنەوەی بڕوانامە - اعتماد - لە چاودێرێکی هەڵبژاردن یان لە بریکاری کیانێکی سیاسی.

کۆمیسیۆن هەر حاڵەتێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری خۆی دابێت ڕەوانەی شوێنی - یان لایەنی - تایبەتمەندی دەکات بۆ سەپاندنی سزای مەدەنی و جەزایی، سەپاندنی سزای مەدەنی نابێت بەبێ سەپاندنی سزای جەزایی بەپێی یاسای عێرای کارپێکراوە ئێستا.

لە بەشی شەشەم دا ئەوە هاتووە کە هەموو ئەوانەی پەیوەندی بەپێناسەی سەرپێچی هەڵبژاردن و سزاکەیەوە هەیە کورتکراوەتەوە لە دەسەڵاتی کۆمیسیۆن داو تایبەتمەندی ئەوە.

**باسی دووەم:**

**(ڕێوشوێنەکانی دەنگدان و ڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوە)**

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەباڵاترین دەستەی هەڵبژاردن دادەنرێت لە هەموو عێراقدا، دوای ئەویش نوسینگە هەرێمییەکانی کۆمیسیۆن دێن، کە تەنها دوانن. أ- نووسینگەی هەرێمی بەغداد. ب- دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، پاشان دوای ئەمان نووسینگەی پارێزگاکان دێن و پاش ئەوانیش

نووسینگەی لقەکان دێن کە بەقەدەر بنکەکانی دابەشکردنی خۆراک یان زیاترن لەبەرئەوە هەموو نووسینگەیەکی لقەکان سەرپەرشتی چەند بنکەیەکی دەنگدان دەکات کە هەریەکە لەمانیش چەند وێستگەیەک لە خۆیان دەگرن.

بنکەی دەنگدان بەجۆرێک ڕێکخراوەکە ژمارەیەک دەنگدەر لە خۆی بگرێتە زیاتر نەبێت لە ( ٣٠٠ ) دەنگدەر، بەڵام وێتسگە لە جێی یەکەیەکی دەنگدانی تەواوەو هەر وێستگەیەک ( ٥٠ ) دەنگدەر لە خۆی دەگرێت، بەجۆرێک کە ژمارەی دەنگدەرانی هەر بنکەیەک دابەش ( ٥٠٠ ) دەکرێت کە ئەنجامەکەی دەکاتە ژمارەی وێستگەکانی بنکەکە. بۆ زانینی چۆنێتی هەڵسوڕاندنی کارەکانی هەریەکە لە بنکەو وێستگەکانی دەنگدان، پێویستە کادرەکانی بنکەو وێستگەکانی دەنگدان بزانین:

**١- کادرەکانی بنکەکانی دەنگدان/ بنکەی دەنگدان کارمەندی خۆی و وێستگەی دەنگدانیش کارمەندی خۆی هەیە، کارمەندەکانی بنکەی دەنگدان (٩) کارمەندن کە ئەمانەن:**

أ- ڕێکخەری بنکەی دەنگدان.

ب- چوار کارمەند بۆ پشکنین.

جـ- چوار کارمەند وەک ڕێکخەری - خابورەکان).

بەڵام بەنیسبەت ژمارەی کارمەندەکانی وێستگەی دەنگدانەوە، ئەو ژمارەیان پێنج ( ٥ ) کارمەندە کە ئەمانەن:

أ- بەڕێوەبەری وێستگەی دەنگدان/ کە بەرپرسە لە ئیدارەی وێستگەکەو کردنەوەی بۆ دەنگدەرەکان بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بدەن هەروەها بەرپرسە لە ئاسایشی وێستگەکە و پلاندانانی وێستگەکە بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ دەنگدان، بەرپرسە لەسەر پەرشتی کردنی

کاروباری کارمەندەکان و هەستان بەڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوەو هەستان بەپێشکەشکردنی یارمەتی بۆ دەنگدەرە نەخوێندەوارەکان لەکاتی دەنگداندا لەسەر داواکاری خۆیان.

ب- ڕێکەری - طابوری - وێستگەی دەنگدان:

کارەکانی ڕێکخەری طابور کورتدەبێتەوە لە ڕێکخستنی خابورەکان و دڵنیابوون لە بوونی دەنگدەر لە بنکەی دەنگدانی ڕاست و دروست، دەرخستنی ناسنامەکیان پێش چوونە لای بەرپرسی ناسینەوە.

ج- بەرپرسی ناسینەوە (مسؤل التعریف): ئەم کارمەندە هەڵدەستێ بۆ پشکنینی پەنجەکانی دەنگدەر بۆ دڵنیابوون لە بوونی مەرەکەب لەسەر پەنجەکانیان لە پێشووتردا، لەگەڵ دۆزینەوەی ناویدەنگدەر لە تۆماری دەنگدەران و دڵنیابوون لە سەلماندنی ناسنامەی دەنگدەرەوە سڕینەوەی ناوی دەنگدەر دوای ئەوەی کە دۆزییەوە لە تۆماری دەنگدەراندا.

د- سەرچاوەی کاغەزی دەنگدان:

ئەم کارمەندە بەرپرسە لە ئاسایشی کاغەزی دەنگدان وە هەڵدەستێ بەمۆرکردنی پشتی هەموو کاغەزەکان بەجیاجیا لەگەڵ لێکردنەوەی کاغەزێکی دەنگدان بۆ هەر هەموو دەنگدەرێک. لەگەڵ ڕونکردنەوەی ڕێگەی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەران بەشێوەیەکی بێلایەنانە، پاشان ڕێکوپێکردنی هەموو دەنگدەرێک بۆ کابینەیەکی چۆڵی دەنگدان.

هـ- چاودێری سندوقی دەنگدان ئەم کارمەندە هەڵدەستێ هەموو دەنگدەرێک لەگەڵ چاودێرکردنی سندوقەکان و دڵنیابوون لەوەی کە دەنگدەر کاغەزی دەنگدانەکەی کردۆتە ناو سندوقی دەنگدانی دروستەوە.

**٢- ئەو کەسانەی ڕێگە پێدراون بچنە بنکەکانی هەڵبژاردنەوە:**

أ- دەنگدەران.

ب- کارمەندانی بنکەکانی دەنگدان.

جـ- کارمەندانی کۆمیسیۆن (نووسینگەی نیشتمانی - نووسینگەکانی پارێزگاکان، نووسینگەی لقەکان).

د- بریکارەکانی کیانە سیاسیەکان.

هـ- چاودێرانی باوەڕپێکراو.

و- هێزەکانی ئاسایش.

ز- ڕاگەیاندن.

**٣- ڕێوشوێنەکانی پێش ڕۆژی دەنگدان:**

أ- ئامادەبوون لە بنکەی دەنگدان لە ٢٩/١/٢٠٠٥

ب- ڕێکخستنی بنکەی هەڵبژاردن لەلایەن ڕێکخەرو کارمەندەکانیەوە.

جـ- ڕێکخستنی وێستگەی دەنگدان بەشێوەیەکی بازنەیی کە گرنتی هاتن و چوونی دەنگدەران و بەئاسانی دەستەبەر بکرێت بەبێ ئاژاوە، لەگەڵ وەرگرتنی مادەکانی دەنگدان و خەزنکردنی مادە هەستیارەکان لە گەنجینەی تایبەتداو هەڵواسین و لێدانی ناوی ژمارەی بریکارەکان بەدیواری بنکەکەدا.

**٤- ڕێوشوێنەکانی ڕۆژی دەنگدان:**

أ- ڕێوشوێنەکانی ڕۆژی دەنگدان پێش کاتژمێر حەوتی بەیانی بڕیاردەدرێت کە بنکەکانی دەنگدان دەرگاکانیان بکەنەوەو هەموو کارمەندانی لەکاتژمێر شەشی بەیانی لەوێ ئامادەبن لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی هەر کارمەندێک ئەوا کارمەندێکی تر لە جێگەی تەعین دەکرێت و مادە هەستیارەکان وەردەگیرێن لەلایەن بەڕێوەبەری وێستگەکەوە

(مەرەکەب، قوفڵ، مۆرەکان).

دەرکەری کاغەزەکان (٦٠٠) کاغەزی دەنگدان لەهەر جۆرێک لە جۆرەکانی هەڵبژاردن وەدەگرێت (هەموو ١٠٠ کاغەزێک یەکسانە بەدەفتەرێک) و فۆرمێکی تایبەتی پێ رێکدەخرێت بەناوی فۆرمی ژمارە (١١) و پاشان سندوقەکانی دەنگدان دادەخرێت (قفڵ دەدرێن) بەقوفڵی (بەڕێوەبەری وێستگە) یان فۆرمی ژمارە (٦٢) وە رێگە دەدرێت بەبریکاری لایەنەکان و چاودێرەکان کە ژمارەکانیان لای خۆیان تۆماربکەن، پاشان کارمەندانی بنکەکانی دەنگدان دەست دەکەن بەدەنگدانی خۆیان، کە کاتژمێر بوو بە (٧)ی بەیانی ئیتر قۆناغی دەنگدان دەست پێدەکات.

ب- رێوشوێنەکانی دەنگدان دوای کاتژمێر (٧)ی بەیانی کاتێک رێگە بە یەکەم دەنگدەر دەدرێت بچێت دەنگی خۆی بدات و بەرپرسی ناسینەوە دەست دەکات بەدڵنیابوون لە مەرەکەبی پەنجەی شایەتمانی لای راستی و داوای لێدەکات ناسنامەی ناسینەوەی پیشانبدات، دوای ئەوەی کە ناوەکەی لە تۆماری دەنگدەران دەدۆزێتەوە کە بەپێی بنکەکانی دابەشکردنی خۆراک و بریکارەکانی کەلوپەلی خۆراک دابەشکراوە.

ناوی بەڕێوەبەری خێزانەکان بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی رێکخراوە دوای ئەوە ناوی دەنگدەرەکە دەکوژێنرێتەوە بەپێنووسی ماجیک وە دەنگدەر رەوانەی دەرکەری کاغەزەکان دەکرێ، پێویستە کە تۆمارێک هەبێت بۆ ناوە کوژاوەکان کە جیا دەکرێتەوە لە ئەنجامی وردبینی کردنی تۆماری دەنگدەران دا لە ماوەی خستنەڕوودا لێرەدا پێویستە ئەوە باسبکەین کە ئابووری ناوی دەنگدەر لە تۆماری دەنگدەران دا یا لە بنکەی دەنگدانی راست و دروستیش بێت (واتە بریکاری کەرەستەی خۆراکی لە هەمان بنکە بێت) لێرەدا داوای لێ دەکرێت کە فۆرمی ماوەی تۆمارکردن پیشان بدات، واتە ژمارە (١-٢-٣) خۆی یان سەرەک خێزانەکەی، لێرەدا بەرپرسی ناسینەوە دەتوانێت ناوەکەی زیاد بکات لە کۆتایی تۆمارەکەدا و رێگەی دەنگدانی پێ دەدرێت بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەمانە بکات

ئەوا ناتوانێت دەنگ بدات بەلاَم دەرکەری وەرەقەکان..

لەسەریەتی بۆ هەر دەنگدەرێک کاغەزێکی دەنگدان دەربکات و مۆری پشتەکەی بکات و رێگەی دیاریکردنی بۆ دەنگدەر بەبێ لایەنانەو بەپاکییەوە دیاری بکات، پاشان ئاراستەی کابینەی دەنگدانی بەتاڵی دەکات بۆ ئەوەی لایەنی خۆی دیاری بکات (دەنگ بدات) بەلاَم چاودێری سندوق فەرمان دەکات بەدەنگدەر کە پەنجەی شایەتمانی لای راستی بخاتە ناو مەرەکەبی تایبەتییەوە پاشان رێگەی دەدات کە وشکی بکاتەوە بەبێ دەستێوەدانی، دوای ئەوەی سندوقی هەریەکە لە هەڵبژاردنەکانی بۆ روندەکاتەوە بۆ ئەوەی لەهەر یەکەیان فۆرمی دەنگدانی تایبەت بەخۆی دابنێ، دوای فەرمانی پێدەکات کە لەوێستگەی دەنگدان بچێتە دەرێ. ئەگەر لە حاڵەتێکدا کاغەزی دەنگدانی لەگەڵ خۆی برد بەبێ ئەوەی بیخاتە سندوقی دەنگدانی تایبەت بەخۆوە. ئەوە بەرێوەبەری وێستگەو رێکخەری طابور ئاگادار دەکرێتەوە بۆ دووبارە پشکنینی لەکاتی دەرچوونی داو وەرەقەکە لە کیسێکی تایبەت بەفۆرمە فەوتاوەکانی دەنگداندا دەپارێزرێت بەلاَم بەرێوەبەری وێستگە ئەو بەرپرسە لەکاری هەموو کارمەندەکانی وێستگەکەی مافی هەیە یارمەتی دەنگدەرە نەخوێندەوارەکان بدات، سەرەرای ئەوە بۆی هەیە ئەم بریارانەش بدات:

أ- داواکردنی وەرەقەی دەنگدانی زیادە لە رێکخەری بنکەکە لە حاڵەتی تەواوبوونی وەرەقەکانی وێستگەکەیدا، ئەمەش لە فۆرمی ژمارە (٦٢)دا دەچەسپێنێت.

ب- راگرتنی دەنگدان ئەگەر کارەکە پێویستی کرد، ئیتر هۆکارەکەی کێشەی ئاسایش بێت یان بەربەستێک بێت کە رێگەی لە بەردەوامی دەنگدان بگرێت، لەگەڵ بریکارەکانی کیانە سیاسیەکان بێت یان دەنگدەرەکان، بەلاَم دەبێت بەهەماهەنگی بێت لەگەڵ رێکخەری بنکەکەدا کە پێویستە لەسەری بەرێوەبەری نووسینگەی لقەکان ئاگادار بکاتەوەو ئەویش بەرێوەبەری نووسینگەی پارێزگا ئاگادار دەکاتەوەو ئەویش بەرێوەبەری نووسینگەی هەرێمی و نووسینگەی نیشتمانی کۆمیسیۆن لە بەغداد رادەگەیەنێت.

ج- دووبارەکردنەوەی وێستگەی دەنگدان دوای نەمانی ئەو بارودۆخەی کە پێویستی کرد رابگیرێت دوای راوێژکردن لەگەڵ رێکخەر و بەرپرسی هێزەکانی ئاسایشی پارێزەری بنکەکە وەرێکخەرییش بەڕێوەبەری نووسینگەی لقەکان ئاگادار دەکات و.. بەم جۆرە وەکاتێ بوو بەکاتژێر (٥)ی عەسر دەرگای بنکەکانی دەنگدان دادەخرێ بەلاّم ئەگەر دەنگدەران لەناو خابورەکانی دەنگداندابوون و پێش کاتژمێر (٥) چووبوونە ئەوێ ئەوا رێگەیان دەدرێ کە دەنگی خۆیان بدەن هەتا دواهەمین کەسیان بەلاّم دەبێت پشکنەر لە کۆتایی طابورەکە بوەستێت بۆ رێگەگرتن لەهەر کەسێک کە بیەوێت بچێتە طابورەکە دوای کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.

کاتێ دواهەمین دەنگدەر کە دەنگی داوە لە فۆرمی ژمارە (٦٢) دەچەسپێنرێت کە هەر ئەم فۆرمە کاتی دەنگدانی یەکەم دەنگدەری بەیانیشی تێدا نووسراوە، لێرەدا بەرێوەبەری وێستگە فۆرمی ژمارە (٦٢) بەتەواوی پڕ دەکاتەوە، تەنها دوو برگە نەبێت کە هەڵدەستێ بەگواستنەوەی لە فۆرمی ژمارە (٦٣) دوای پرکردنەوەی، دوای ئەوە هەڵدەستێ بەداخستنی سندوقەکانی دەنگدان، ژمارەی کلیلی کردنەوەی سندوقەکە لە فۆرمی ژمارە (٦٢)دا دەچەسپێنێت و رێگە بەبریکارەکان و چاودێرەکان دەدات کە ئەوە لای خۆیان بنووسن، دوای ئەوە قۆناغێکی تری گرتنەبەری رێوشوێنی دەست پێدەکات.

**٥- رێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوە:**

لەگەڵ داخستنی سندوقەکانی دەنگداندا بەرێوەبەری وێستگە لەگەڵ کارمەندەکان هەڵدەستن بەئامادەکاری بۆ رێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوە، کە بەم هەنگاوانە دەست پێدەکات:

١- ئامادەکردن و رێککردنی وێستگەو تەواوکردنی فۆرمی ژمارە (٦٢).

٢- دانانی مێزێک بەیەکەوە لەسەر شێوازی چوارگۆشەیەکی گەورەو گرتنی درزەکانی نێوانیان بە بەشریتی لەزگە.

٣- لابردنی پێنووس و ماجیک و مەرەکەب و مۆرەکان و هەر شتێک کە پێی بنووسرێت.

٤- کردنەوەی سندوقی کۆمەڵەی نیشتمانی، وە رێگە دەدرێن بەبریکارو چاودێرەکان کە دڵنیابن لە ژمارەی کلیلەکان کە پێشتر لای خۆیان تۆماریان کردبوو، پاشان هەڵڕشتنی وەرەقەکانی دەنگدان لەسەر مێزەکە.

٥- دابەشکردنی کارمەندەکان و دابەشکردنی کار لە نێوانیاندا بەمەرجێ کاری یەکێکیان بریتی بێت لەپرکردنەوەی فۆرمی ژمارە (٧١) بەجۆرێک لە جۆرەکانی دوور دەبێت لە مێزەکەوە.

٦-قەدی وەرەقەکانی دەنگدان دەکرێتەوەو لەسەر مێزەکە دادەنرێن بەجۆرێک کە رووەو نووسراوەکانیان ببینرێت، هەر (٢٥) وەرەقە بەیەکەوە لەلایەک دادەنرێن.

٧- لەکاتی هەستان بەم پرۆسەیە، وەرەقە مۆرکراوەکان دەردەکەوێت لە وەرەقە مۆرنەکراوەکان، وەدەست دەکرێت بەدانانی وەرەقە مۆر نەکراوەکان لەلایەکەوەو، لە زەرفێکی تایبەتی دەکرێت و لەسەری دەنووسن (وەرەقە مۆرنەکراوەکانی دەنگدانی کۆمەڵەی نیشتمانی).

٨- هەر لەم پرۆسەیەدا وەرەقەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی ترمان بۆ روندەبێتەوە کە بەهەڵە خراوەتە ناو سندوقی کۆمەڵەی نیشتمانییەوە ئەوانیش لەلایەک دادەنرێن.

٩- بەستنەوەی هەر (٢٥) وەرەقەیەک بەشریتێکی لەزگەو گێڕانەوەی بۆ ناو سندوقی دەنگدان لەگەڵ کلیلەکانیداو، لەلایەک دادەنرێت. پاشان دروستکردنی فۆرمێکی تایبەت بەوەرەقە مۆرکراوەو مۆرنەکراوەکان و، ناودەبرێت بەفۆرمی ژمارە (٦٣) ژمارەی راست و دروستی کۆتاخانەی ئەو فۆرمە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی تایبەتی خۆی لە فۆرمی ژمارە (٦٢) پاشان فۆرمی ژمارە (٦٢) بەتەواوی پڕ دەکرێتەوە.

١٠- هەمان ئەو هەنگاوانە دووبارە دەکرێتەوە بەنیسبەت سندوقەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە.

١١- دووبارە سندوقی کۆمەڵەی نیشتمانی دەهێنرێتەوەو هەڵدەڕێژرێتە سەر مێزەکە پاشان بەڕێوەبەری وێستگە دەست دەکات بەکردنەوەی شریتی وەرەقەکان و، دایاندەنێت لەسەر مێزەکە بەشێوەیەک کە رووە نوسراوەکەی بکەوێتە سەرەوە، هاوکات رێگە بەبریکارەکان و چاودێرەکان ئەدرێت تەماشای بکەن.

١٢- وەرەقەکان جیادەکرێتەوە بەپێی ئەو کیانەی کە نیشانەی (صح) لێ دراوە یان دەنگی بۆ دراوە.

١٣- وەرەقە خاڵی و سوتاوەکان لەم پرۆسەیەدا جیادەکرێتەوە.

١٤- هەر (٢٥) وەرەقەیەک کە لەلایەنێکی سیاسی بەدەستی هێناوە دەژمێردرێت و بەشریتێکی لەزگە دەبەسترێت دوای لێ بوونەوە لە پرۆسەی جیاکردنەوەیان.

١٥- فۆرمی ژمارە (٧١) پڕ دەکرێتەوە. کە تێیدا ئەو دەنگانە دەچەسپێنرێت کە هەر کیانێکی سیاسی بەدەستی هێناوە لەگەڵ ژمارەی وەرەقە بەتاڵ و سوتاوەکان، پێویستە کۆی ئەوەی کە لایەنە سیاسیەکان بەدەستیان هێناوە لەگەڵ وەرەقە بەتاڵ و سوتاوەکان بگونجێت لەگەڵ ژمارەی وەرەقە مۆرکراوەکاندا کە لە فۆرمی ژمارەی (٦٣) دا نوسراوە، هەروەها لەگەڵ ژمارەی وەرەقە دەرچووەکان بۆ دەنگدەران کە لە فۆرمی (٦٢)دا نووسراوە.

١٦- گەڕانەوەی وەرەقەکانی دەنگدان لەگەڵ زەرفەکانی وەرەقە مۆرنەکراوو بەتاڵ و سوتاوەکان و زەرفی وەرەقە لەناو چووەکانیش لەگەڵ کلیلەکانیان بۆ سندوقی دەنگدان و، لەلایەک دادەنرێت.

١٧- هەمان ئەم هەنگاوانە دووبارە دەکرێنەوە بەنیسبەت سندوقی ئەنجوومەنی پارێزگاو سندوقی پەرلەمانی کوردستانەوە.

لێرەدا رێوشوێنەکانی جیاکردنەوە تەواو دەبن و، رێوشوێنی پێچانەوە دەست پێدەکات.

**٦- ڕێوشوێنەکانی پێچانەوەو نارون «الرزم والترحيل»:**

کۆمیسیۆن شەش زەرفی ئامادەکردووە ناو دەبرێن بە (زەرفی پارێزراو) چونکە ناتوانرێت دووبارە بکرێتەوە بەڵکو پێی دەزانرێت بۆ زەرفێک چەند وەرەقەیەکی تایبەتی دانراوەکەتیشی دەخرێت، ئەویش بۆ ڕێکخستنی وێستگەکەو پێچانەوەی وەرەقەکان دوای لێبوونەوە لە پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوە.

أ- زەرفی ژمارە (١) نوسخەی یەکەمی فۆرمی ژمارە (٦٢)و (٦٣) و (٧١)ی تێ دەخرێت و لەسەری ناوی پارێزگاو ناوو ژمارەی بنکەی دەنگدان و ژمارەی وێستگە و جۆری هەڵبژاردنەکەی دەنووسرێت، ئەم زەرفە زۆر گرنگە چونکە ئەمەیە دەنێردرێتە بەغداو کۆمیسیۆن پشتی پێ دەبەستێت لە کۆکردنەوەی ئەو دەنگانەی کە کیانی سیاسی بەدەستی هێناوە.

ب- زەرفی ژمارە (٢) نوسخەی دووەمی فۆرمەکانی تێ دەخرێت، بەڵام نوسخەی سێیەم تەسلیمی نووسینگەی لقەکان دەکرێت و ئەویش بەرۆڵی خۆی دەیداتە نووسینگەی پارێزگاو لەوێ لە ئەرشیفی خۆی دەیپارێزێت.

ج- زەرفی ژمارە (٣) وەرەقەکانی دەنگدانی خراپ بوو، مۆرنەکراوو بەتاڵ و سوتاو لەگەڵ ئەو وەرەقەی دەنگدانانەی کە جیاکراونەتەوە دەخرێتە ناوی هەمان زانیاری پێویست لەسەر هەموو زەرفەکان دەنووسرێت.

د- زەرفی ژمارە (٤) هەمان وەرەقەکانی سەرەوەی تێ دەخرێت بەڵام هی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

و- زەرفی شەشەم هەموو ئەو کەرەستانەی دەنگدان کە ماونەتەوە وەک (مۆر، مەرەکەب، کلیلەکان، لەگەڵ تۆماری دەنگدەران...) دەخرێتە ناوی.

هەموو زەرفەکانی (١-٢-٣-٤-٥-٦) دەخرێتە ناو سندوقی دەنگدانەوە ئەگەر یەک سندوق بەشی نەکرد دەخرێتە سندوقی دووەم، سەرلەنوێ دادەخرێت و لەسەر سندوقەکە ناوی

بنکەی دەنگدان و ژمارەکەی و ژمارەی وێستگەو ناوی پارێزگاو ژمارەی بنکەی خۆراک دەنووسرێت، دوای ئەمانە رێکخەر (منسق) هەڵدەستێ بەوەرگرتنی زەرفی ژمارە (١) و لە بەڕێوەبەری ژمارە (٧٢) ئەویش لەگەڵ سندوقەکانی دەنگدان و کەرەستەکانی تر تەسلیمی کارمەندی گەڕانەوە (موظف الارجاع)ی دەکات لە بەشی لۆجستی و فۆرمێکی تایبەتی بۆ رێک دەخات لە پارێزگا بۆ ئەوەی کارمەندی گەڕانەوە (موظف الارجاع) تەسلیمی کۆمپانیای گواستنەوەی تایبەتی بکات بۆ ئەوەی بیگوازێتەوە بۆ نووسینگەی نیشتمانی لە بەغداد و فۆرمێکی تایبەتی بۆ دەکرێت بەناوی فۆرمی ژمارە (٧٤).

لێرەدا ئەرکی کارمەندانی بنکەکانی دەنگدان و کارمەندانی کۆمیسیۆن کۆتایی دێت چونکە زەرفە پارێزراوەکان ئیتر لەلای کۆمیسیۆنی بالایە کە هەڵدەستێ بەتێکردنی رونکردنەوەی وێستگەکان بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەنگانەی کە هەر کیانێکی سیاسی بەدەستی هێناوە لەهەر جۆرێک لە جۆرەکانی هەڵبژاردندا لە کۆمەڵەی نیشتمانی، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجوومەنی پارێزگاکان).

کۆمیسیۆن نیزامێکی تایبەتی دەرکرد، کە رێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی رێکدەخست کە نیزامی ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٥) بوو.

**باسی سێیەم**

**(ئەو نیزامانەی کە پەیوەستن بەمادەی دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان)**

١- نیزامی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٥) (حوکم دان لە سکاڵاو ناکۆکیەکانی پەوەست بەهەڵبژاردن).

ئەم نیزامە ئەوە دیاری دەکات کە تەنها دەسەڵاتی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنە کە ناکۆکیەکان یەکلایی بکاتەوە کە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردندا سەرهەڵدەدەن، و هەر ئەو دەتوانێت رێوشوێنیان بۆ دابنێ بەدرێژایی ماوەی گواستنەوە،

ئەمەش هەموو نیزامەکانی پەیوەست بەرێو شوێنەکانی ناوبژی کردنی لە سکاڵاو ناکۆکیەکاندا دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەهەڵبژاردنەکانەوە هەیە، ئەنجومەن دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بداتە بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردن یەکلایی کردنەوەی چەند ناکۆکیەکی دیاری کراو ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ بابەتی جنائی کە دژی سەلامەتی پرۆسەکەیە رەوانەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بکات، هەروەها سەپاندنی سزای مەدەنی لەسەر سەرپێچییەکی هەڵبژاردن نابێتە رێگر لەبەردەم سەپاندنی سزای اجنائی (تاوان) بەپێی یاسای کارپێکراوی عێراق.

تانەگرتن لە بڕیارە کۆتاییەکانی ئەنجوومەن رێگەی پێ دەدرێت لەلای دەستەی دادوەری کاتی هەڵبژاردنەکان (الهیئة الانتخابیة الانتقالیة القضائیة) (ئەم دەستەیەش لە سێ دادوەر پێکدێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەرییەوە دادەنرێت و، دەسەڵاتی چاوخشانەوەی هەیە لە بڕیارە کۆتاییەکانی کۆمیسیۆندا).

ئەنجومەن بۆی هەیە لەهەر کارێکی پێش پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیاری کراودا فەرمانبکات بەدووبارە جیاکردنەوەی وەرەقەکانی دەنگدان لەهەر وێستگە یان بنکەیەک دا، یان هەر رێوشوێنێکی تر کە بەگونجاوی بزانێ دەتوانێ بیکات، ئەم حوکمانەش بەشی یەکەمی ئەم نیزامە رێکی خستوون.

بەڵام بەشی سێیەم دانی ناوە بەمافی هەر کەسێک یان رێکخراوێک کە سکاڵا پێشکەشی ئەنجومەن بکات لە بارەی ناکۆکی سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەها مافی ئەنجوومەنکە بەدەست پێشخەری خۆی بروانێتە هەندێ کاروبار و بەبێ پێشکەشکردنی هیچ سکاڵایەک.

هەموو سکاڵایەک پێویستە پێشکەش بکرێت لەماوەی حەوت رۆژ لە روودانی سەرپێچی هەڵبژاردنەکەوە، لەهەر جێگایەک بێت قەیدی نییە (نووسینگەی پارێزگا، نووسینگەی هەرێمی، نووسینگەی نیشتمان) یان دەبێت لە ماوەی سێ رۆژدا بێت لە

ڕاگەیاندنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە. پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، دانیشتنەکانی گوێگرتن و ڕەتکردنەوەی سکاڵاکان و ڕێوشوێنە پێویستیەکانی ڕێکخستووە کە پێویستە بگیرێتە بەر لە کاتی سەیرکردنی سکاڵادا.

بەڵام بەشی هەشتەم ئەو سزادانەی دیاریکردووە کە ئەنجوومەن دەتوانێ بیانسەپێنێ. کاتێک ڕوودانی سەرپێچییەک دەسەلمێنێت بۆی، کە لەوانەیە سزایەک یان زیاتر بێت. کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دواکەوتنی کەسێک لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا دادەنرێت بەشکاندنی ئەم نیزامە، هەروەهائەو کەسە یان ئەو کیانە سیاسیە ڕووبەڕووی سزای تر دەبێتەوە کە ئەنجوومەن دەیسەپێنێت، ئەنجوومەن بۆی هەیە چاو بخێشێنێتەوە بەبڕیارێک لە بڕیارەکانیدا کاتێک بەڵگەو سەلماندنی تازە هەبوون دەربارەی بابەتی سکاڵاکە.

٢- نیزامی ژمارە (١٦)و جیاکردنەوەی دەنگەکان لە دەرەوەی عێراق. شێوازو ڕێگەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە دەرەوەی عێراق یاساو ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی لەناو عێراق بەسەردا جێبەجێ دەبێت، ئەم نیزامە ئەو ڕێوشوێنانەی بەشێوازی نیزام دیاری کردووە کە ژمارە (١٦)یە بەڵام پێویستە ئاماژە بەهەندێ بابەت بکەین:

أ- ئەو لایەنەی کە هەستا بە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن و کردنەوەی بنکەو وێستگەکانی دەنگدان، ڕێکخراوە کۆچی جیهانی بوو.

ب- بەرەچاوکردنی نارەحەتی و گرانی - هاتووچۆکردن - یان گواستنەوەی تاکەکان ڕەڤەندی عێراق کە ناتوانرێت لەیەک ڕۆژدا ئامادەبن، ئەم نیزامە بڕیاری داوە کە هەڵبژاردنەکانی لە ڕۆژانی ٢٨-٣٠ کانوونی دووەم/ ٢٠٠٥ بەڕێوە بچێت.

ج- دەنگدەر لە دەرەوە تەنها دەنگ بەکۆمەڵەی نیشتمانی دەدات، بەهۆی ئەوەی کە ئەم نیزامی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە تایبەتە بەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەمەرجی داناوە کە دەنگدەر دەبێت دانیشتووی هەرێمی

کوردستان بێت، نیزامی ژمارە (٢٨ی ساڵی (٢٠٠٤) کە تایبەتە بەئەنجوومەنی پارێزگاکان بەمەرجی داناوە کە دەنگدەر دەبێت دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت و لە تۆماری ئەوێدا تۆمارکرابێت.

٣- نیزامی ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٥) (دابەشکردنی کورسییەکان) دوای تەواوبوونی رێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوەو کۆکردنەوەی دەنگەکان لە هەموو وێستگەکاندا، دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان و دوای بەسەرچوونی ماوەی پێشکەشکردنی سکاڵاو رەخنەکان، دوای هەموو ئەوانە کۆمیسیۆن هەڵدەستێ بەدابەشکردنی کورسییەکانی هەموو ئەنجوومەنێک بەسەر ئەو کیانە سیاسیانەی کە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە بەپێی رێساکانی ئەم نیزامە.

لەبەرئەوەی کەرێگەی هەڵبژاردن رێگەی نوێنەرایەتی رێژەییە بنەمای دیاریکراو ئەوەیە کە کۆی ژمارەی دەنگدەران (ژمارەی دەنگە راستەکان) دابەشی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی مەبەست بکرێت (واتە ئەو ئەنجوومەنەی کە مەبەستە) و، دەرەنجامەکەش ئەو تێکرای هەڵبژاردنەیە (هدف الانتخابی) کە بەرامبەر ئەوە لایەنێکی سیاسی کورسییەکان «یەک کورسی» لەو ئەنجوومەنە بەدەست دێنێت.

ئەم نیزامە بڕیاری داوە کە رێگەی دابەشکردنی کورسییەکان رێگەی (هێرکوت) بێت، واتە بەش بێت، بەپێی چەند کردەیەکی ژمارەیی تۆز دەبێت کە رێگەی دابەشکردنەکە روندەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لەکاتی دابەشکردنی کۆی دەنگە راستەکاندا بەسەر ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکەدا هەر کیانێکی سیاسی ژمارەیەک دەنگ بەدەستبهێنێت کە کەمتر بێت لەم دەرەنجامە (واتە ناوەندکەیان رادە سروشتییەکە).

ئەوە دوور دەخرێتەوە لە حساباتەکانی دواتر. کە هیچ کورسی بەدەست ناهێنێت لەو ئەنجومەنەدا.

## بەشی سێیەم

## تێبینی و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە

### باسی یەکەم: لایەنی باش (پۆزەتیڤ)ی پرۆسەکە:

لەو بڕوایەداین کە ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی کە لە ٢٠٠٥/١/٣٠ لەسەرتاسەری عێراقدا بەڕێوەچوو، چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە کە دەکرێت لێرەدا هەندێکیان دەربخەین:

١- بۆ گرنتی پاکی و بێلایەنی و شەفافیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان زۆر گرنگە کە دەستەیەکی تەکنۆکراتی سەربەخۆو ناحیزبی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات، هەروەها دەبێت ئەو دەستەیە سەربەخۆیی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لە یاسادانان و دادوەری و، بەهێزی یاسا خاوەنی دەسەڵاتی دەرکردن و جێبەجێکردنی نیزام و ڕێساو ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنەکان بێت، لەوانەیە خاڵی لاواز هەبێت لەکاری کۆمیسیۆندا بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەی بەباشی ڕاپەڕاند.

٢- لەلایەنی دەستورییەوە، دواخستنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەکاتی دیاریکردنی خۆیدا کە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا رونکرابووەوە (٢٠٠٥/١/٣١) ئەوە دەبووە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەستووری. چونکە دەتوانرێ حکومەتی کاتی ئێستا لە (٢٠٠٥/١/٣١)دا بەسەرچوو هەروەها نەبوونی هیچ چارەسەرێک لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا لە حاڵەتی دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لەکاتی دیاریکراوی سەرەوەو دیاری نەبوونی ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنەکانی هەیە لەبەر هەر هۆیەک بێت. حاڵەتێکی دروستکرد کە نەدەگونجا خۆی لێ قوتار بکرێت، ئەویش تەنها بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی بوو لەکاتی خۆیداو دوانەکەوتنی بەهەر هۆکارێک کە هەیە (سەرەڕای ئەوەی کە دواخستنی بۆ ماوەی دوو

مانگ لەوانەیە مەرجێکی باشتری بڕەخسانایە بۆ بەرێوەچوونەکەی بەتایبەتی لەلایەن ڕێوشوێنەوە (لایەنی تەکنەلۆجی) هەروەها دەبوایە هۆی بەشدارییەکی میللی باشتر لەو ناوچانەی کە دڵەڕاوکێی و مەترسی ئاسایشیان هەبوو).

٣- کۆمیسیۆن کارەکانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست پێکردو، لەسەری پێویست بوو کە دوو پرۆسە لە یەککاتدا بەئەنجام بگەیەنێت بەیەکەوە:

**یەکەم:** دانان و ئامادەکردن و دەرکردنی یاساو ڕێسا (انظمة واحکام)و پرەنسیپی ڕێکوپێک بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

**دووەم:** جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەو یاساو ڕێسایانە بۆ گەیشتن بەڕۆژی هەڵبژاردن لە شێوەیەکی کرداری و سەرکەوتوودا، سەرەڕای گومانی هەندێک لە توانای کۆمیسیۆنەکە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارانەی، کەچی توانی تاڕادەیەک ئەمانە بەئەنجام بگەیەنێت بەسەرکەوتوویی.

٤- بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان مشتێکی بەهێزبوو بۆ هێزە تاریک خواردو تیرورستەکان لەناوەوەو بۆ هەندێ لە هێزو دەزگا هەواڵگرییەکانی دەرەوە کە یارمەتی تیرۆر دەدەن لە عێراقدا، چونکە کۆمیسیۆن لە دوو پێشبڕکێدابوو بەیەکەوە، لەگەڵ کاتی کورت و لەگەڵ هێزە تیرۆریستەکاندا کە هەموو هێزی خۆیان کۆکردبووەوە لەپێناو بەرێوەنەچوونی هەڵبژاردنەکان و کۆسپ خستنە سەر ڕێی.

٥- بەشداریکردنی جەماوەری بەرفراوان مەرجەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی هێنایە کایەوە، وەسەرکەوتنی کۆمیسیۆن و گەلی عێراقی دەستەبەرکرد بەسەر هێزە تیرۆرستەکاندا، ئەم گەلە سەلماندی **کە بەردەوام دژی تیرۆرو هێزە** تاریک خوازەکانە و سوورە لەسەر چوون بەرەو دیموکراسی و مومارەسەکردنی و جێبەجێکردن.

٦- ئەو پیلانە ئاسایشییە چاک و لە بارەی کە جێبەجێکرا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لە هەموو عێراقدو بەتایبەتی لەکوردستاندا، هەلی کوشتن و تێکدانی لەدەستی هێزە تیرۆریستەکان دەرکرد بۆ ڕێگەگرتن لە بەرێوەچوونی و کۆسپ خستنە ڕێی، ئەمەش

جێگەی خۆشحاڵی هەموو کۆمەڵانی گەلی عێراق بوو.

٧- هاوکاری و پشتگیری کردنی ئیدارە لە هەرێمدا بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردەکان و پیشاندانی کۆمەکی بۆ نووسینگەکانی کۆمیسیۆن لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەکەدا.

٨- بابەتی بەشداریکردنی رۆڵەکانی رەڤەندی عێراقی لە دەرەوە لەم پرۆسەیەدا هەنگاوێکی چاک بوو، هەرچەندە خاڵی لاوازی تیابوو کە چووە پرۆسەکەوە بەڵام مایەی خۆشحاڵی و بەچاک زانین بوو لای تاکەکانی رەڤەندی عێراقی لە دەرەوە، بەتایبەتی کە زۆربەی ئەوانە لەوانە بوون کە چەوسانەوەی رژێمی پێشوویان چەشتبوو و بەردەوام دەسەڵاتی ئەو رژێمەیان رەتدەکردەوە و تێ دەکۆشان لە پێناو کۆتایهێنان بەدیکتاتۆریەت و هاتنە کایەی دیموکراسی و فرەیی لەسەرتاسەری عێراقدا.

٩- کۆمیسیۆن پرەنسیپی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی قبوڵ کرد بۆ گرنتی کردنی شەفافیەت و پاک و خاوێنی بێلایەنی هەڵبژاردنەکان، ئەویش لە رێگەی دانانی نیزامی چاودێرانی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٤) سەرەڕای ئەوەی کە رێکخراوە جیهانییەکانی چاودێری کردنی هەڵبژاردن نەیانتوانی بەهۆی بارودۆخی هێمنی و ئاسایشەوە بەشداری بکەن لە چاودێریکردنەکەدا، بەڵام ئەمە وەک خولێکی راهێنان وابوو بۆ رێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆ کە بچنە ئەم ئەزموونەوە بۆ جاری یەکەم، ئەم پرەنسیپە بۆ یەکەم جارە لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت لە دامەزراندینەوە هەتا ئێستا.

١٠- رێوشوێنەکانی دەنگدان کە کۆمیسیۆن بریاری لەسەر دابوون. وای کردبوو کە تەزویرو یاریکردن بەدەنگی دەنگدەران کارێکی زۆر قورس بێت هەر بۆ زانینیش هەتا ئێستا هەر ئەم رێوشوێنانەیە کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت لە زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری هەڵبژاردنەکانی تیادا دەکات، وەک کەمبۆدیا، کۆسۆفۆ، باشوری ئەفریقیا، لەبەرئەوە دەتوانین ئەو رێوشوێنانە بەچەند پێوەرێکی جیهانی دانپێنراو دابنێین.

١١- بەمەرج گرتنی هەبوونی ناوی ئافرەتێک لە میانەی سێ ناوی یەکەمی هەموو

لیستێکی هەڵبژاردندا، بەشداری ئافرەت مسۆگەر کرد بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەک بۆیان کە لە ٢٥ ٪ ی کورسییەکانی هەر ئەنجوومەنێک کەمتر نەبێت، بەڕای ئێمە ئەمە پرۆسەیەکی چاک بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەت لە بەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسیداو هەڵنان و هاندانی بۆچوونە ناو پرۆسەی سیاسییەوە.

**باسی دووەم**

**هەندێ ڕووی لاوازو نێگەتیڤی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە:**

پرۆسەی هەڵبژاردن لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە، هاوڕێ بوو لەگەڵ هەندێ کۆسپ و هەڵەدا کە کاریکردە سەر هەندێ لایەن بەتایبەت لایەنی (هونەری) کە بەڕای ئێمە ئەمانەن:

١- ڕۆیشتنی (نەگونجانی) کیانە سیاسییەکان لەگەڵ پرۆسەکەدا لە ماوەی تۆمارکردنداو، سود نەبینین لە تۆماری دەنگدەران (گواستنەوەی یەکەمی دەنگدان)، سەبارەت بەدەرکراوەکان لە جێگەی نیشتەجێی ڕەسەنی خۆیان (بۆ نمونە کەرکووک) چونکە ئەگەر ئەو پرۆسانە ئەنجام بدرایەو تەواو بوایە کە کاتیش هەبوو بۆی کە ئێستا لە دەرەوەی هەرێم بگۆڕیایە، دوای دەکرایە بەڵگەیەکی یاسایی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەوانە دانیشتووی ئەو ناوچانەن، بەلام بەداخەوە سیفەتی گومانکردن لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی بوو بەهۆی سەرکێشی لە هەڵسوکەوتی کیانەکان لەگەڵ پرۆسەکەدا وە بۆ ماوەی یەک مانگ پێش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.

٢- نیزامی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ ماوەیەکی دیاریکراوی دانابوو بۆ نیشاندانی تۆماری دەنگدەران و پێشکەشکردنی تانەو ڕەخنە لە بارەیانەوە سەبارەت بەوانەی لەماوەی تۆماردا تۆمارکرابوون. هەروەها پێویست بوو پیشاندانی تۆمار بەپێی ڕێنماییەکان تەواوبێت لە ٢٠٠٥/١/١٩ هەتا ٢٠٠٥/١/٢٥ کەچی لەڕووی واقیعییەوە خستنەڕووی تۆمارەکە نەکرا تەنها یەک ڕۆژ نەبێت لە ٢٠٠٥/١/٢٥، ،

وەدەنگدەران نەیانتوانی ئەمە بزانن بەهۆی ئەوەی کە کەرەستەکانی دەنگدان (تۆماری دەنگدەران) تەنها لە ئێوارەی ٢٠٠٥ گەیشت.

٣- کەمتەرخەمی دەزگاکانی راگەیاندن لە بیرخستنەوەی دەنگدەران بەگرنگی ماوەی تۆمار، بەڵام ئەمان گرنگی ئەو ماوەیەیان نەزانی تەنها لە چەند رۆژێکی کەمی پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراوی تۆماردا نەبێت کە ٢٠٠٥/١٢/١٥ بوو.ئەمەش رۆژی دەنگدان رون و ئاشکرابوویەوە.

٤- کۆمیسیۆن هەڵنەسابوو بەچاپکردنی لیستی دەنگدەران بۆ ئەوەی هەڵواسرێت لە هەموو بنکەیەکی دەنگدان (نەک تۆماری دەنگدەران) بۆ ئەوەی دەنگدەرانن بتوانن دڵنیابن لە بوونی ناویان لە بنکەی دەنگدانی دیاریکراودا بۆ ئەوەی پرۆسەی دەنگدانی دەنگدەر ئاسانبێت.

٥- بەپێی رێوشوێنەکانی دەبوایە تۆمارێک بۆ ئەوانەی ناویان دەکوژێتەوە لەهەر بنکەیەکی دەنگدان دا هەبێت کە جیادەکرێتەوە ئەنجامی وردبینی تۆماری دەنگدەران لە ماوەی خستنەرووی تۆمارە تەواو نەکراوەکەدا لەبەر ئەم هۆیە هیچ تۆمارێکی ناو کوژاندنەوە نەبوو لە هیچ بنکەیەکی دەنگداندا.

٦- بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بابەتی چاودێرەکانی هەڵبژاردنی یەکەم جارە لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام زۆربەی تیمەکانی چاودێریکردن رۆڵی پێشپێدراوی خۆیانیان نەدەزانی کە چاودێریکردنی جێبەجێ کردنی رێوشوێنەکان بوو بۆ زانینی رادەی شەفافیەت و پاکی و بێلایەنی هەڵبژاردنەکان، بەلام لەرووی واقیعیەوە دەنگدەر بریکاری لایەنە سیاسییەکان و چاودێرای هەڵبژاردن کە یەکتر جیانەدەکردنەوە بەداخەوە ئەوان لەو ئاستەدا نەبوون کە پێویست بوو تیایدابن، چونکە چاوەڕێی ئەوە دەکرا کە شارەزاییان دەربارەی رێوشوێنەکان هەبێت، بەتایبەتی کە لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان سروشتی رۆڵی ئەوان و رۆڵی بریکارەکانی لایەنەکان دا چونکە بریکارەکانیان گرنگی دەدات بەچاودێریکردنی پرۆسەکەو جێبەجێکردنی رێوشوێنەکانی لە

پێناو روونەدانی فێڵ لەلایەنە سیاسییەکەیدا.

بەڵام چاودێر رۆڵی لە پێناو جێبەجێکردنی رێوشوێنەکانی بەشەفافیەت و بێ لایەنی بۆ ئەوەی بێتە چاودێرو چاوێک بەسەریەوە. ئەمەش پێش هەموو شتێک لەگرنتییە بنەڕەتییەکان بۆ بێلایەنی و پاکی هەڵبژاردن.

٧- کەمتەرخەمی رێکخراوی کۆچی جیهانی لە هەڵبژاردنەکانی دەرەوەدا، ئەوەبوو و هەڵبژاردن بەڕێوەنەچوو لە هەندێ دەوڵەتداوە هەندێک شار کەرەڤەندی عێراقی هەبوون، بۆیە زۆربەیان ناچاربوون سەفەری رێگەیەک بکەی کە لە (١٠) کاتژمێر رێ زیاتربوو تەنها بۆچوونیان و، هاتنەوەشیان ئەوەندەی دەویست، کە دەبوایە دواجار ئەم کارە بکەن جارێک بچوونایە بۆ ناونووسین و جارێکیش بۆ دەنگدان ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ کەمبوونەوەی رێژەی دەنگدان لە دەرەوە کە لە رادەی پێشبینەکاندا نەبوو وە چاکتر وابوو کە وێستگەو بنکەکانی دەنگدا دابەشی دەوڵەت و شاری زیاتر بکرایە بۆ ئەوەی تاکەکانی رەڤەندی عێراقی بیانتوانیایە دەنگی خۆیان بدەن بەپێی دابەشکردنی کورسییەکان بەرێگەی (هێرکۆتا) (بەشی پێویستی دەکرد هەر گیانێکی سیاسی کە ژمارەیەکی کەمتر دەنگی لە تێکرای هەڵبژاردن (معدل الانتخابی) هێنابێ دووربخرێتەوە لە پرۆسەی حسابکردنەکانی دوایە بۆ پڕکردنەوەی کورسییە چۆڵەکان ئەوەش بەڕای ئێمە پرۆسەیەکی نا دادپەروەری و نادیموکراسییە. چونکە لەوانەیە لایەنێکی سیاسی دوور نەخراوە کورسییەک یان زیاتر وەدەست بهێنێت لە قۆناغی دووەمدا بەژمارەیەکی کەمتر لەو دەنگانەی بۆ یەک کورسی پێویست بوو لە قۆناغی یەکەمدا. بۆ دابەشکردنی کورسییەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی نوێنەرایەتی کردنی کەمترین کیان و لایەن و تایەفەی سیاسی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا و، دواتریش لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت.

**باسی سێیەم: بەرەو باشتر**

**لێرەدا چەند پێشنیارێک دەخەینەڕوو کە بەڕای سادەی خۆمان پێمان وایە دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی هەر هەڵبژاردنێکی داهاتوو:**

١- پێویستی لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی داهاتوو لەگەڵ سەرەتاکەی دا ە هەر قۆناغێکی گرنگی خۆی پێ بدرێت کە پێویستییەتی بۆ چوونە ناو قۆناغی دوای ئەو بەهێزو کاراییەوە بۆ ئەوەی دەرەنجامی چاک بەدەستبهێنێت بۆ هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

٢- پێویستە جێبەجێکردنی پرەنسیپی (خستنەڕووی تۆماری دەنگدەران) بەماوەیەکی پێویست وەپێش بۆ ئەوەی دەنگدەر دڵنیابێت لە هاتنی ناوەکەی لە تۆماری دەنگدەراندا.

٣- پێدانی ماوەیەکی شیاو لە پێشتر دا بۆ ڕاهێنانی کادیرەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن لەسەر پرۆسێسەکە، بۆ ئەوەی خاوەنی شارەزایی شیاو بن بەپرۆسەکە وە بەتایبەتی ڕێوشوێنەکانی ژماردن و جیاکردنەوەو پێچانەوە.

٤- پێویستە ڕۆژێک دیاریبکرێت پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و بەماوەیەکی شیاو بۆ ئەوەی کادیرەکانی کۆمیسیۆن و بنکەکانی دەنگدان و بریکاری (نوێنەری) لایەنە سیاسیەکان و چاودێرەکان و ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش و پاسەوانی نیشتمانی کە ئەرکی پاراستنی بنکەکانی دەنگدانیان پێ سپێردراوە، دەنگی خۆیان لەو ڕۆژەدا بدەن. ئەویش بەوەی بنکەی دەنگدانی پێویستیان بۆ دیاری بکرێت لەگەڵ تۆماری دەنگدانی تایبەت بەخۆیان بۆ ئەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن ئەمان هیچ کارێکی تریان نەبێت.

٥- لە حاڵەتی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان (لە داهاتووی نزیکدا ئەوە پێویستە لەدەست خستنی زانیاری دەربارەی ژمارەی دەنگدەران پشت بەتازەترین زانیاری لای بریکارەکانی کەلوپەلی خۆماڵ ببەسترێت. چونکە ئەو زانیاریانەی کە کۆمیسیۆن پشتی پێ بەستوون، هی زیاتر لە (٨) مانگ لە پێش ئەنجام دانی هەڵبژاردنەکان بوون، ئەوە بوو هەندێ بریکار هەڵوەشنرایەوەو هەندێکی تر داهێنران کە ئاڵۆزییەکی لای دەنگدەر

دروستكراو له‌ پێش و له‌كاتی ده‌نگدانیشدا.

٦- سه‌باره‌ت به‌ماوه‌ی به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵبژاردنه‌كانه‌وه‌، وای ده‌بینین كه‌ هه‌ر هه‌ڵبژاردنێكی هاتوو (به‌تایبه‌تی له‌ هه‌رێمی كوردستان). له‌ ماوه‌ی نێوان (٣/١ هه‌تا ٥/٣١) دابێت چونكه‌ ئه‌وه‌ ته‌واوبوونی به‌فروبارانه‌ كه‌ ده‌بنه‌ به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م هاتووچۆی ده‌نگده‌ران دا، درێژی رۆژگار له‌م ماوه‌یه‌دا له‌به‌رزترین راده‌ی دایه‌ كه‌ كه‌شێكی له‌بار بۆ ئه‌نجامدانی هه‌ڵبژاردنه‌كانی دروست ده‌كات.

٧- سه‌باره‌ت به‌پرۆسه‌ی دابه‌شكردنی كورسییه‌كان كه‌ رێگه‌ی (هێركۆت) گیرابووه‌ به‌ر، ئێمه‌ وای ده‌بینین كه‌ دوای ده‌ركردنی تێكڕای هه‌ڵبژاردن (معدل انتخابي) و ئه‌نجامدانی دابه‌شكردنی یه‌كه‌می كورسییه‌كان، دابه‌شكردنی كورسییه‌ چۆله‌كانی به‌پێی (به‌هێزترین ماوه‌) «الباقی الاقوی» بێت، هیچ كیانێك له‌ دوای پرۆسه‌ی یه‌كه‌م دوور نه‌خرێته‌وه‌ چونكه‌ ئه‌وه‌ زۆرتر دیموكراتی و دودپه‌روه‌رانه‌تر ده‌بێت، زۆرتر هانده‌ری پارت و لایه‌نه‌ سیاسی و تاكه‌كه‌سییه‌كان و كۆمه‌ڵه‌كانی كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی و سه‌ندیكاو كه‌مینه‌كان ده‌بێت بۆ به‌شداریكردن له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردندا به‌مه‌ش ئه‌و نجوومه‌نه‌ی له‌ ئه‌نجامی ئه‌م رێگه‌یه‌وه‌ پێكدێت زیاتر ره‌نگدانه‌وه‌و نوێنه‌رایه‌تی واقیعی عێراق ده‌كات.

٨- پێویسته‌ فۆرمێكی تر رێكبخرێت كه‌تایبه‌ت بێت به‌رێكخه‌ری بنكه‌ی ده‌نگدانه‌وه‌، كه‌ تیایدا كۆی ئه‌و ده‌نگانه‌ بنووسرێت كه‌ هه‌ر لایه‌نێكی سیاسی به‌ده‌ستی ده‌هێنێت له‌ هه‌موو وێستگه‌كانی سه‌ر به‌و بنكه‌یه‌دا، ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ هۆی خێراتركردنی پرۆسه‌كانی تێكردنی زانیاری و به‌یاناته‌كان وه‌ به‌مه‌ش ده‌بێته‌ هۆی خێراتركردنی راگه‌یاندن ده‌ره‌نجامه‌كانی هه‌ڵبژاردنه‌كان چونكه‌ ئاسانتره‌ ئه‌گه‌ر به‌یاناتی ژماره‌ی بنكه‌كانی ده‌نگدان داخڵ بكه‌ن نه‌ك ژماره‌ی وێستگه‌كانی ده‌نگدان بۆ نموونه‌ كۆی بنكه‌كان ده‌نگدان ته‌نها له‌ پارێزگای دهۆك گه‌یشته‌ (١٧٣) بنكه‌ به‌ڵام وێستگه‌كان ژماره‌یان گه‌یشته‌ (٨٨١) وێستگه‌:

## کۆتایی

سەرەڕای کەمی ماوەی خۆ ئامادەکرین و ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردنەکان کە بەڕێوەچوون و سێ جۆر هەڵبژاردن بوون لە یەککاتدا وە سەرەڕای گرەوکردنی دوژمنانی دیموکراسی و هێزە تیرۆریستەکان و ئەوانەش کە لە پشتیانەوەبوون لە بیری عەرەبچێتی کە لەسەر هەڵبژاردن (٩٩٪) ڕاهاتبوون لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا گرەویان لەسەر شکستپێهێنانی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکرد، بەڵام ئێمە دەتوانین بەهەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو پاک وەسفی بکەین بەبەڵگەی ئەوە کە بەشدارییە میللیە باشەی کە تیایدا کراو گەواهی دانی چاودێران، ئەو هەڵبژاردنانە لە بارودۆخێکی ئاسایشی نارەحەت دا بەڕێوەچوو لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا (بێجگە لە کوردستان) سەرەڕای ئەوەی کە زیادڕەوی هەبوو، بەڵام گەورەنەبوون لەبەرئەوە کاریگەریان لەسەر دەرەنجامی کۆتایی پرۆسەکە نەبوو.

لە کۆتاییدا هیوادارم سەرکەوتوو بووبم لەم لێکۆڵینەوە بچووکەی خۆمدا پشتیوانی هەر لە خواوەیە.

**گفتوگۆی بەشداربووان سەبارەت بەباتەکەی سەربەست مستەفا**

**ئاسۆ کەریم:** گرنگ بڕیارەکە نییە، گرنگ ئەوەیە بەپێی CPA دانراوە، لەڕووی زەمەنیشەوە مەهامی ئەو مەجلیسە تاکەییە؟ بەپێی ئەو کە تەحدیدی کرد تەنزیمی هەر پرۆسەیەکی ئینتیخابی دەکات، هەم لەڕووی ئیشراف و هەم لەڕووی جێبەجێکردنیشەوە، هەر پرۆسەیەکی ئینتیخابی لەکاتی فەترەی ئینتخابیدا تا سێ مانگ لە تەبەنی کردنیدا. کەواتە لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا کۆمیسیۆنە هەمان کاردەکات. بەپێی ئەمرێکی CPA ئێستا مەجلیسێک دامەزراوە، پەرلەمانی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی هەیە، کۆمەڵەی

نیشتمانی عێراق باڵاترین دەسەڵاتی قانونیە لە وڵات، ئەو دەتوانێ یاسا دابنێت. ئایا پەرلەمانی ئێستا دەتوانێ مەجلیسەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەتایبەتی لایەنە کوردستانییەکان زۆر قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە کۆمۆسیۆنێکی سەربەخۆ نییە.

**سەربەست مستەفا:** ئەو بنەماو بەرنامانەی کە لەم کۆمسیۆنەیە، لە قانوونی ئیدارەی عێراق دانراوە. سەراحیەتی کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتیقالیش هەر لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی کاتی دانراوە، پێم وایە کۆمەڵەی نیشتمانی دەتوانێ ئەو شتانە بکا، کۆمسیۆن لەدوو بەشی گرنگ پێکهاتووە مەجلیسی کۆمسیۆن و ئیدارەی ئینتیخابی، مەجلیسی کۆمسیۆن سەراحیەتی زیاتر ئینشائی و ئیتاری ئەنزیەیە، بەڵام ئیدارەی ئینتخابی بەو شێوەیە نییە کە ئەو کارانەی پێ سپێردراوە، من خۆم کارم لەگەڵ کردوون و لە نزیکەوە ئەوانەم بینبووە کە ئەو کارە بەڕێوەدەبەن.

**ئاسۆ کەریم:** ئەمانە زۆریان زانیاری تازەبوون، بەڵام تێبینیەکم هەیە، لە هەڵسەنگاندنی سلبیات و ئیجابیاتەکەیدا زۆر گرنگ بوو. دەبوایە وردتر بچووبایەتە نێو بابەتەکە لە عەمەلیەی هەڵبژاردن لەڕووی قانونیەوە. پێم وایە کەموکوڕی حەملەی ئینتخابی زۆر زیاتریش بوو جەخت کردنەوە لەسەر تەسجیلات، کە لەڕووی قانونیەوە، بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشانی کێ؟ ڕۆڵی کۆمسیۆن لەو تەسجیلاتە چییە.

**سەربەست مستەفا:** هەڵەی تەکنیکی لە باسەکەدا هەبوو، هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کات. ئێمە نیزامی ڕەقەم پانزە کە پێوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەیە باسمان نەکرد ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد لەڕووی قانونیەوە لەوانەیە کەموکوڕی زۆری تیابێت.

**ئاسۆ کەریم:** مەبەستم حیزبە کوردستانیەکان گلەییان زۆربوو لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەریەکەیان لەناوچەیەک لەمەرکەزێک، لەڕووی قانونیەوە دەبوایە ئەگەر کێشەو گرفتێک هەبوایە شکایەت بکەن..

**سەربەست مستەفا:** بەنیسبەت کوردستان بۆچوونی من ئەوەیە هەم ئێمە هەم خەڵکیش لە پرۆسەکە تێنەگەشتووە. تەماشایان نەکردووە بۆیە نەیانزانیوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. بارونتر قسە بکەم. بۆنموونە شتێ هەبوو(٢٩)ی مانگ تەعلیمات هات خەڵک بۆی هەیە دەنگی خۆی لە هەر شوێنێک یان مەرکەزێک بدات. هەموو مەرکەزێک پابەندی چەند خاڵێکە، یەکەمیان ئەوەبوو لە هەموو مەرکەزێکی دەنگدان ژمارەی دەنگدەران سنووردارە، بەڵام لە ناحیەی موقع بۆی هەبوو لە ١٠٪ تا ١٥٪ تێپەڕێ. خاڵی دووەم، ئەم سێ ئیستمارەیە زۆر گرنگن وەک ئیستمارەی ٦٢ و ٦٣ و ٧١، ئەو سیانە رۆشتونەبەغدا، هەر ناوچەیەکیش چەند مەرکەزی خۆی هەیەو بۆیان دەستنیشان کراوە، یەکێ لە هۆکارەکان نەزانینی کادیرانی کۆمسیۆنی هەولێربوو کە لە ناحیەی تەکنیکی شارەزا نەبوون.

**ئاسۆ کەریم:** ئێمە دەبێ لە هەڵبژاردنی داهاتوو، چ تەعلیماتێک و نیزامێک سەبارەت بەهەڵبژاردن دەردەچێ بەباشی ئاگامان لێی بێت، ئەمە زۆر گرنگە، گەر ئێمە پێشتر ئەمەمان کردبایە، رەنگە بەرچاومان رۆشنتر دەبوو.. ئەم بابەتە گرنگە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بەتایبەت ئەگەر ئەو کۆمیسیۆنە بمێنێتەوەو هەمان تەعلیماتیش پەیرەو بکرێت.

**هاوژین مەلا ئەمین:** ئەمەوێ بەمەرەکەبەکە دەست پێ بکەم، هەبوو دەنگی ئەدا پاش ئەوەی پەنجەی دەکرد بەمەرەکەبەکەدا هەر لەوێ بەکلێنس پەنجەی خۆی ئەسڕی و دەنگی دیکەی ئەدا، بەدەر لەمەش ئێمە تاقیمان کردەوە پاش نیوسەعات بەئاوو سابوون لێ دەبوویەوە. خاڵێکی دیکە، ژمارەکان بوو چونکە ئێمە خەڵکێکی زۆری نەخوێندەوارمان هەیەو ژمارە قابیلی ئەوەی کە هەڵە بکەیت و لێت تێک بچیت. زۆر سەرکەوتووتر ئەبوو ئەگەر لەبری ژمارە رەسم بوایە، زۆرکەس هەبوو کە هەڵەیان دەکرد،

شەش حەوت دەنگ درابوو بەلیستی شیعەکان کە بەهەڵەدرابوو. هەروەها ئەو چاودێرانەی (مراقب) کە دانرابوون لە مەرکەزەکانی دەنگدان هیچ جۆرە سەراحیەتێکی ئیجرائیان نەبوو و جگە لەوەش هیچ زەمانەتێک نەبوو ئەگەر دەست درێژیەکت بکرایە سەر، یان گەر کێشەیەک ببینی، هەروا ئەچووە سەر. چاودێرەکان دەبوایە راپۆرتێک بەرزکەنەوە کە راپۆرتەکانیش هیچ ئیعتیبارێکیان نەبوو، ئێمە دوانزە چاودێر لە سێ مەرکەز راپۆرتێکمان بەرزکردەوە. راپۆرتەکە ئەوەندە خراپ بوو تەسەورمان دەکرد لێرە وابوو بێ حەتمەن لە شوێنی تر خراپتریش بووەو پێشبینی ئەوە ئەکرا پرۆسەکە پرۆسەیەکی فاشل بێت یان لەغو بکرێتەوە. لە قائیمەکانی هەڵبژاردنیش یەک دانە نەمایەوە بەئارەزووی خۆمان پڕمان دەکردەوە، نوێنەری حیزبەکان دابەشیان دەردە سەر یەکتری و هەستت دەکرد تۆ لەنێو پرۆسەیەکی هەزەلی دایت، جگە لەوەش هەر پێشمەرگەبوو بەچەک و تاقم و تفەنگەوە لەلایەن مودیری ناحیەوە وەرەقەیەکی ئەهێناو دەنگی ئەدا. مەبەستم ئەوەیە ئەو پرۆسەیە ئەوەندەی تەزاهورەو نمایشێکی دیموکراسی بوو لەراستیدا ئەوەندە هەڵبژاردنێکی جدی و راستەقینە نەبوو. هەڵبەت ئەمە بەدیوێکی یەکەدا قابیلی قسەلێکردنە، بۆ نموونە رێژەی بەشداری ژنان، وەک ئەوەیە تۆ بڕۆی بۆ حەفلە ئەبێ نیوەی ژن بێ و نیوەی پیاو بێ. چ پەیوەندییەکی هەیە کاتێ کە تۆ بونیەیەکی ئەوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بەهێزت نییە، کەلتورێک نییە بتوانێ ژن بەرێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بەشداری سیاسی هەبێ بەسروشتی خۆی لە رێگەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە.

**ئازا حەسیب قەرەداغی:** لەو ئیجابیەتانەی کە ئاماژەتان پێکرد، وا تەسەوردەکرێ ئیجابیاتەکان بەهاو نرخێکی هێندەی نامێنێ، بەدەلیلی ئەوەی کە لای ئێمە ئەحزابەکان و رۆشنبیرەکان ئاگاداری نیزامەکان بوون.. ئەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن ئەو ئەنزیمانە وەها رێک ئەبن یان بەکۆمەڵایەتی بکرێن لە میانەی ئەوەدا وا تەسەور ئەکەم

تەرحەکانی کاک سەربەست ئیزافەی ئەوە بکرێ کە جۆرێک لە ئیعترافی بۆ بکرێ ئیتر حیزب پێی وانەبێت دەنگدان هەیە. کە ئەم دەنگدانەش تەنیا بریتییە لە کۆکردنەوەی خەڵک و فرێدانی وەرەقەو ئەو شتانە.. ئەوەندە نییە بەڵکو ئەو سیستەمەش کۆمەڵێ بنەماو رێوشوێنی خۆی هەیە گەر کورتی هێنا هەموویت لەدەست داوە. هەر ئەوە نییە کە قەرەباڵغییەک لە خەڵک لەبەردەم مەرکەزەکان بۆ ئەوەی زۆرترین وەرەقە فڕێ دەنە ناو سندوقەکانەوە، بەڵکو پرۆسەی هەڵبژاردن کۆمەڵێ بنەمای خۆی هەیە دەبێ کار لەسەر ئەوانە بکەین، مادام کاک سەربەست بابەتەکەی کارکردنە لەسەر ئەو سیستمانە، بۆیە کاتیەتی وەک پێشنیارێک ئیزافە ببێت بۆ ئەوەی کە ئەحزابی ئێمە شانازی بەتەزویرەوە نەکا.

**ئاسۆ کەریم:** رەنگە ئەوانە زۆر شتی شکڵی بن، بەڵام بەبڕوای من هەقە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا موحاسەبە هەبێ و بۆ هیچ کەس نەبێ لە شوێنێکی دیکە دەنگ بدات. مەسەلەی مەحەتەکان لەنێو مەرکەزەکانی دەنگداندا. ئەوەی کاک هاوژین باسی کرد لە تەواوی کوردستاندا کراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراقیش ئەوە ئیستغلال کراوە کاتێ دەبینن کەس قسە ناکات و لیستە بەتاڵەکان پڕ ئەکرێنەوەو ئەکرێنە سندوقەکانەوە لە بارەی ئەو پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسانەی کە قسە لە بارەیانەوە دەکرێن کە لە چەندین مەرکەز دەنگ ئەدەن، پێم وایە مەرج نییە وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە لەهەمان رۆژدا دەنگ بدەن.

**سەربەست مستەفا:** لەبەرئەوەی لە کوردستان لەسەرەتادا ئیهتیمام بەو مەوزوعانە دەدراو، بۆیە ئەو کەسانەی لەو شوێنانەی کار دەکەن لە ئاستی وەهادا نین کە لەو شوێنانە کار بکەن. خەڵک هەیە تەنیا تەقدیمی کردووەو کاری نەبووە وەرگیراوە، بەڵام ئێمە کەسێکمان وەردەگرت موقابەلەمان دەکرد بەسێ مەرحەلە ئینجا دەهات کاری دەکرد.

ئەمە بەنیسبەت کۆمسیۆنەوە. داواکە لای من لە دوو شوێنی ئەساسی بوون. یەکەمیان ئەو خەڵکانەی کە زۆربەیان سەر بە پەروەردەبوون. لەبەرئەوەی کات نەبوو. مەبەستیان موچەکە بووە کە هەریەکەیان (٢٠٠) دۆلاریان وەردەگرت.. دووەمیان ئەوانە زۆربەیان پارێزەر نەبوون. ئەوانەش کە پارێزەربوون هەیانە لە زۆر شوێن حیزبەکان کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردوون. خاڵێکی دیکە ئەوەبوو کە ئەو جیهازە ئەمنیە نەبوو کە حیمایەی مەرکەز بکات بەتەوجیهاتی مودیری مەرکەزەکە لەراستیدا ئێمە لەو رۆژەدا زۆربەمان دامان نابوو کە ئیهانە بکرێن و لێمان بدرێ، نەگەشتە ئەو رادەیەیە بەڵام خەلەلەکە لەوانەدابوو. خەلەلێکی دیکە هەبوو لەو رۆژەدا بۆ نموونە ئاماژەتاندا حوبرەکە (مەرەکەب) کرد، هەڵبەت ئەوەش ئیجرائتی خۆی هەبوو، دەبوایە ئەو مەرەکەبە پەنجەت (١٠) چرکە لەناویدا بوایەو (١٠) چرکەش لەدەرە بێت. لەزۆر شوێنیش هەبوو ئاویان تێکردبوو. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو کادیرانەی کە یەکەم شارەزانەبوون دووەم ماوەکە کەم بوو سێیەمیان، ئەو کادیرانە پابەندنەبوون بەتەعلیماتی کۆمسیۆنەوە زیاتر پابەند بوون بەتەعلیماتی خۆیانەوە. دوو خاڵی دیکەش کە کاک هاوژین ئاماژەی پێکرد. هەبووە لە جیاتی ئەوەی ئیشارەت بە (١٣٠) بدات بە (١٢٠)داوە. ئەگەر هەڵەکرابێ ئەوە هەقی بوو بگەرێتەوەو یەکێکی دیکە وەربگرێتەوە، ئەوەی پێی دەڵێن (تالیفە). یان یەکێ فرێی داوە من پێم باش نەبووە لە ئینتیخاباتی پارێزگاکان موشارەکە بکەم فرێم داوە. یان لە دەرەوە بەکۆمپیوتەر خۆی دروستی کردووە. پاشان هەڵە بووەو ئەسڵە کەوتووتە خوارێ و ئەوانی دیکەی تێکردووە کە بەوانەی دەوت (تالیفە) بەڵام باتیلە (باطل) ئەوە بوو کە دوای سندوق دەکرایەوە، کە سندوق دەکرایەوە سێ جۆری تیابوو کە شتیان لەسەر نووسراوە، یان شیعری لەسەر نوسراوە یان رەسمی لەسەرکراوە، یان نوسراوە لا اله الا الله سێیەمیش ئەوانەن کە دروستن و ئیشارەی لێدراوە.